

# ئێراننامە: هەڵبژارن لە ئێراندا

نووسینی: د. هەردی مەهدی میکە

---------------

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

## ئێراننامە

زنجیرە بابەتێکە لە سەرووبەندی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئێراندا، لەبارەی سیستمی سیاسیی، هەرەمی دەسەڵات، پێگەی هەڵبژاردن لە نێو سیستەمەکەدا، ئاراستە و حزبەسیاسییەکان، دەزگاهەڵبژێردراو و ناهەڵبژێردراوەکانی نێو سیاسەت لە دەرەومیدیادا دەخرێنەڕوو.

## پێرست

١- هەڵبژاردن لەئێراندا .......... ٣
٢- سەرۆک کۆماری ئێران؛ مێژوو، پێگە و شێوازی هەڵبژاردنی .......... ٩
٣- شورای پاسەوان؛ پێگەی لە سیستەمی سیاسی و ڕۆڵی لەهەڵبژاردنەکاندا .......... ١٤
٤- ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامیی ئێران؛ پێگە و دەسەڵاتەکانی .......... ١٨
٥- سێ هەڵبژاردنەکەی ٢٠٢١ی ئێران؛ ئامار و تێبینیی گشتی .......... ٢٥
٦- سوپا و سیاسەت؛ کاندیدانی سوپایی و سەرکۆماریتی ئێران .......... ٢٩
٧- هەڵبژاردنێکی بێڕەنگ بۆ قۆناغێکی سەخت .......... ٣٣
٨- کورد و هەڵبژاردنی سەرکۆماری ئێران .......... ٣٦
٩- سەرکۆماری نوێ و یەخانگیرییەکانی سیستەمی سیاسیی ئێران .......... ٤٠
١٠- هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری ئێران؛ براوە و دۆڕاوە ڕاستینەکان لەئەنجامەکانەوە .......... ٤٥

# هەڵبژاردن لەئێراندا




**شرۆڤە: د. هەردی مەهدی میکە (تایبەت بە درەو)**

**زنجیرە بابەتێکە لە سەرووبەندی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئێراندا، لەبارەی سیستمی سیاسیی، هەرەمی دەسەڵات، پێگەی هەڵبژاردن لە نێو سیستەمەکەدا، ئاراستە و حزبەسیاسییەکان، دەزگاهەڵبژێردراو و ناهەڵبژێردراوەکانی نێو سیاسەت لە درەومیدیادا دەخرێنەڕوو.**

## هەڵبژاردن لەئێراندا

**١٨ی حوزەیرانی٢٠٢١، هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار و شەشەمینی ئەنجومەنەکانی شارەوانی و لادێکان و هەڵبژاردنی نێوخولیی پەرلەمانی ئێران، بەڕێوە دەچێت. لە مێژووی ٤٢ ساڵی شۆڕشی گەلان(١٩٧٩) و شۆڕشی بە ئیسلامیکراوی پاشتری ئێراندا، ئەمە سێنزەیەمین خولی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمارە و هەشتەمین سەرکۆماری ئەو وڵاتە هەڵدەبژێردرێت، بە پێی یاسا بەرکارەکانیش حەسەن ڕۆحانی خولی دووەمی تەواو دەکات و ناتوانێت لە خولی نوێدا خۆی کاندید بکاتەوە.**

تەوەر و پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە: مێژووی هەڵبژاردن و دەسەڵاتە هەڵبژێردراوەکانی نێو سیستەمی سیاسیی ئێران چۆنە و هەڵبژێردراوە ڕاستەوخۆکانی نێو دەسەڵاتی سیاسیی ئێران لە کوێی هەرەمی سیاسیی ئەو وڵاتەدان؟ چ دەسەڵاتێک لە دەزگا هەڵبژێردراوەکان باڵاترە؟

یەکێک لە سەرەکیترین پێوەرە کردەییەکانی دەستنیشانکردنی هەر سیستەمێکی سیاسیی لە هەر کیانێکدا (دیموکراسی، دیکتاتۆری، تاکڕەوی، ئاینی، خێڵایەتی، مەزهەبی، شورایی، تێکەڵ)، جۆری دیاریکردنی دەسەڵاتە جیاوازەکانی ئەو سیستەمەیە و دانانی کەسەکانە بۆ بەڕێوەبردنی هەر پۆستێک لەو دەسەڵاتەدا بەتایبەت لوتکەی دەسەڵاتەکان، لە سیستەمی دیموکراسیشدا هەڵبژاردن لە پێوەرە هەرە سەرەکییەکانی پێوانی جۆری سیستەمەکەیە. بەڵام هێندە بەس نییە کە دەسەڵاتێک هەڵبژاردن ئەنجام بدات و بە دیموکراسی ناوزەد بکرێت، بەتایبەت لە سەردەمی هاوچەرخدا، ئەنجامدانی هەڵبژاردن وەک نەریتێکی لێهاتووە و تەنانەت سیستەمە تەواو تاکڕەو و دیکتاتۆرەکانیش خۆیانی لێ بەدوور ناگرن. کەواتە لە نێو هەڵبژاردنیشدا: بنەما دەستورییەکانی سیستەمی سیاسی، یاسا، کۆمسیۆن و لیژنەکان، شێوازی دیاریکردنی جێبەجێکارانی پرۆسەی هەڵبژاردن، ئالیەتی جیاکردنەوە و ژماردن و ڕاگەیاندنی هەڵبژاردنەکانن یەکلایی دەکەنەوە کە ئایا دەنگدان و هەڵبژاردن پێوەری دانانی پۆستەکانی نێو دەسەڵاتە جیاوازەکانی هەر کیانێکن. وتەیەکی باو هەیە کە دەڵێت: گرنگ نییە کێ دەنگ دەیباتەوە، گەنگە کێ دەنگەکان دەژمێرێت، ئەم وتەیە بۆ ئێران دووبەرامبەرە چونکە بەر لە ژماردنیش کاندیدەکان بە ئارەزووی دەزگایەک پاڵفتە دەکرێن تا هاوڵاتی دەنگییان پێبدات.

"لەئێراندا لە دەسەڵاتی مادەکانەوە تا کۆماری ئیسلامی ٢٩ بنەماڵە و دەسەڵاتی حوکمرانی ئەو مەملەکەتە بوون"

## پاشخانێک لەبارەی هەڵبژاردن لەئێراندا

لەئێراندا لە دەسەڵاتی مادەکانەوە تا کۆماری ئیسلامی، بەپێی گێڕانەوە ڕەسمییەکانی ئەو وڵاتە، ٢٩ بنەماڵە و دەسەڵات حوکمرانی ئەو مەملەکەتە بوون، کە زۆرینەیان غەیرەفارس بوون و بگرە ئێرانیش نەبوون، هەندێکشیان وەک داگیرکەر حوکمی وڵاتییان بۆ سەدان ساڵ کردووە. تا سییەکانی سەدەی ڕابردوو هیچ یەکیان ناوی ئێرانی پێوە نەبووە و بەکارنەهێناوە(واتە بە دەوڵەتی ئێران نەناسراون).

یەکەمین هەڵبژاردن و یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئیران، دەگەڕێتەوە بۆ ٢٨ - ١٢ - ١٩٠٦ پاش شۆڕشی مەشروتەی

ئێرانی و لەسەر خواستنی مەشروتەخوازان، دەوڵەتی قاجار ناچارکرا پەرلەمان دامەزرێنێت و یەکەمین خولی پەرلەمانی قبوڵ بکات. بەڵام پاش دوو ساڵێک(١٩٠٨) هەمان پەرلەمان لەلایەن محەمەدعەلیشا و هێزەکانی قوزاقەوە داخرا و تۆپباران کرا، هێندەی نەبرد بە فشاری شۆڕشگێرانی چاکسازیخوازەوە، جارێکیتر هەم تاران کەوتەوە دەستیان و هەم دەرگای پەرلەمانی یەکەم کرایەوە. ئەو خولە پەرلەمانێکی دامەزرێنەر بوو، یەکەمین دەستوری نوسراوی ئێرانیش هەر لەم پەرلەمانەوە نوسرایەوە. کۆشکی گوڵستان کرایە یەکەمین باڵەخانەی پەرلەمان، (کە ئێستا کراوەتە مۆزەیەکی مێژوویی و ڕۆڵی سیاسیی ناگێرێت) بەڵام بینای هەنووکەی پەرلەمان دەکەوێتە ناوچەی بەهارستان. ناوی پەرلەمانیش بەهۆی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و زاڵبوونی پاشتری تەوژمی ئیسلامیزمی شیعی لەو شۆڕشەدا، لە مەجلیسی شورای نەتەوەییەوە گۆڕدرا بۆ مەجلیسی شورای ئیسلامی ئێران. یەکێک لە کارە هەرەگرنگەکانی پەرلەمانی یەکەمی ١٩٠٦ ئێران، دەستووری وڵاتی بۆ یەکەمجار لە مێژوودا دەرکرد و پەسەندکرد، دەستوورەکەی سەرەڕای دووجار هەمواکردنەوە (١٩٠٧بەهۆی کەمووکورتییەوە و ١٩٦٣ بەهۆی شۆڕشی سپی محەمەدڕەزاشای پەهلەوییەوە) تا ساڵی ١٩٧٩ وەک دەستووری وڵات مایەوە.

بەڵام هەڵگیرسانی شۆڕشی گەلانی ئێران و پاشتر ئیسلامیزەکردن و شیعەکردنی شۆڕشەکە، جارێکی دیکە دەستوورێکی نوێ بۆ ئێران(١٩٧٩) دانرا و لەو دەستوورەدا سیستمی سیاسیی ئێران لە کرۆکەوە گۆڕانکاری بەسەردا هات: لە پاشایەتییەوە بۆ کۆماریی، لە نیمچەسیکۆلار و دنیاییەوە گۆڕدرا بۆ ئیسلامی، لە فرەمەزهەبی و فرەئاینییەوە و دانان بە مافە سیاسیی و مەدەنییەکانیانەوە و بۆ تاکمەزهەبی شیعەی دوانزەئیمامی تەنها مافدان بە شیعەی دوانزەئیمامی (بۆ بەڕێوەبردنی دەسەڵاتەکان لە پۆستە باڵاکانەوە تا پارێزگاری شارەکان، پێویستەشیعەی دوانزە ئیمامی بێت).

دەستوورەکە بە گشتپرسییەک ڕەوایەتی پێدرا، گشتپرسیی گۆڕینی سیستمی ئێران لە پاشایەتییەوە بۆ کۆماری (١ - ٤ - ١٩٧٩)، زۆرینەی کورد ئەودەم بایکۆتیان کرد، نەئەوسا و نە ئێستا نەیتوانی ڕەوایەتی یاسایی و بابەتیانەی نێو نەتەوەکانی ئێران و خەڵکەکەی وەرگرێت، چونکە: بەر لە گشتپرسیەکە هیچ ڕوونکرنەوە و نوسراوێک لە بارەی سیستەمی ئیسلامییەوە نەدرابوویە خەڵک و نە بژاردەی دیکەش هەبوو تا خەڵک لەنێوان کۆماری ئیسلامی و بۆ نموونە کۆماری دیموکرات یان سۆسیالیستی و ...تاد، سەرپشک بێت. دووەمیش لە فۆرمەکەدا ئاماژە بە گێڕانەوەی ڕژێمی پێشوو دراوە، کە "تەحسیلٚ حاسڵ گەڕانەوەی موستەحیل بوو"، بۆیە لە بنەماوە ڕەوایەتی پرۆسەکە لەرزۆک بوو.

سەبارەت بە کوردیش، هەر لەسەرەتای شۆڕشی ١٩٧٩وە، جوڵانەوەی سیاسیی کوردستان لە ڕۆژهەڵات، جیا لە پرسە ڕەوا شوناسی و نەتەوەییەکەی، لەگەڵ سێ پرسدا ناکۆکی قوڵی لەگەڵ سەرانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێراندا هەبوو، زۆرینەی کورد هەرسێکیانی بایکۆت و ڕەتکردەوە: - پرسی گشتپرسیی گۆڕینی ڕژێم لە پاشایەتییەوە بۆ کۆماریی ئیسلامی، دووەم:

پێکهێنانی مەجلیسی خوبرەگان(ئەنجومەنی شارەزایان) بوو بۆ دارشتنی دەستوور و سێیەمین پرسیش تێپەراندنی دەستوور بوو. لە هەرسێ پرسەکەدا خواستی کورد فەرامۆش کرابوو، کە دیارە ئەو سێ پرۆسەیە کۆماری هەنووکەیی ئیسلامیی ئێرانییان پێ پایەرێژ کرد.

لەبەرئەوەی سیستمی سیاسیی سەردەمی هەردوو بنەماڵەی قاجار و پەهلەوی لە پاش بزوتنەوەی مەشروتەوە(بزوتنەوەی چاکسازی)یەوە، هەردووک باوەرییان پاشایەتی هەبوو بۆیە تەنها تەنها پەرلەمان دەبینرێت لەو سیتمەدا کە بەهەڵبژاردن و لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێن، چونکە شا بەپێی میرات و رەچەڵەکی خوێن دادەنرێت نەک هەڵبژاردن.

لە دەستووری نوێشدا لە چوارچێوەی سیستەمە سیاسییەکەیدا و بە پێی یاساکانیان، سەرکۆمار، پەرلەمانتار، ئەنجومەنی شارەزایان، ئەنجومەنی ئیسلامیی شارەوانی و لادێکان هەڵبژێردراوی خەڵکن، بەڵام ئایا ئەم دەسەڵاتانە لە کوێی هەرەمی سیستەمی سیاسییدان؟

**"کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بوونی نییە بەڵکو لیژنەیەکی سەر بە وەزارەتی ناوخۆیە و دامەزرینراوە"**

**دەسەڵاتەکان هەنووکە لەو وڵاتەدا بە پێی دەستوور بەم شێوەیە دابەشکراون:**

١- دەسەڵاتی رێبەری باڵای شۆرشی ئیسلامی: لەسەرووی هەموو دەسەڵاتەکانەوەیە و هەرسێ دەسەڵاتەکەی دوای خۆی لە ژێر رکێفیایەتی. هەروەها دەزگای راگەیاندنی دەوڵەت(صدا و سیما)، دەسەڵاتی دادوەریی و سەرۆک و شورای نیگەهبان و ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی رژێم، سەر بەم دەسەڵاتەن و سەرۆکەکانیان رێبەری باڵا دیارییان دەکات. هەروەها فەرماندەی باڵای هێزە سەربازییەکانە و فەرماندەکانی سیستمی بەرگریش هەر رێبەر دەستنیشانی دەکات. هیچ دەزگایەک ناتوانێت لێپێچینەوەی بکات تەنها لە حاڵەتی نەخۆشی، لەدەستدانی عەقڵ و مردندا پۆستەکەی لەدەست دەدات. ئەم پۆستە بۆ یەکجار لەلایەن ئەنجومەنی شارەزایانەوە(مجلس خبرگان) هەڵدەبژێردرێت(بەمەرجێک موسڵمانی شیعەمەزهەبی دوانزەئیمامی و ئایەتوڵا بێت) و تا تەمەنی هەبێت رێبەری ئاینی و مەزهەبی باوەرداراونە لەجیهاندا بە پێی دەستوور. مەجلیسی خوبرەگانیش هەلبژێردراوی راستەوخۆی خەڵکن(٨ ساڵ جارێک)، بەڵام مەرجی کاندیدبوون بۆ هەموو هاوڵاتییەک نییە و بۆ شارەزایانی و پیاوانی ئاینی وڵاتە، پێویستە کەسەکانیش پەسەندکراوی شورای نیگەهبان بن، کە دەزگایەکی هەڵنەبژێردراوی دامەزرێندراوە.

٢- دەسەڵاتی دادوەری: هەریەک لە دیوانی دادوەریی کارگێڕی، دیوانی باڵای وڵات، دەزگای چاودێری، دادگاکان و ...تاد لە خۆدەگرێت. (سەرۆکەکەی بە بێ هەڵبژاردن ڕێبەر دەستنیشانی دەکات).

٣- دەسەڵاتی یاسادانان: هەریەک لە دەزگاکانی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی (پەرلەمان) و شورای پاسەوان(شورای نگهبان- پاراستنی دەستور) لە خۆ دەگرێت. ئەندامەکانی پەرلەمان بە هەڵبژاردن لەلایەن خەڵکەوە(٤ساڵ جارێک) هەڵدەبژێردرێن بەڵام دەبێت کاندیدەکانی پەسەندکراوی شورای نیگەهبان بن! و شورای نیگەهبانیش بە بێ هەڵبژاردن نیوەیان ڕێبەر دەستنیشانییان دەکات کە شارەزای ئاینی شیعەمەزهەبن و نیوەکەی دی دەسەڵاتی دادوەری دیارییان دەکات و شارەزایانی یاسان(کە خودی ئەو دەسەڵاتەش دانراوی ڕێبەری باڵایە!)، پاشان لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند دەکرێن (٦ ساڵ جارێک تەمەنی خولێکییەتی)، لە نیوەی هەر خولێکیشدا بە شێوەی تیروپشک نیوەیان دەگۆڕدرێن.

٤- دەسەڵاتی جێبەجێکردن(حکومەت): سەرۆک کۆمار، یاریدەدەرانی، وەزارەتەکان، ئەنجومەنی شارەوانییەکان و لادێکان...تاد لە خۆدەگرێت، سەرکۆمار ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە (٤ ساڵ جارێک) هەڵدەبژێردرێت، بەمەرجێک ئەو کەسە موسڵمانی شیعەمەزهەب و ئێرانی ڕەچەڵەک و باوەڕی بە "بنەماکانی شۆڕشی ئیسلامی" هەبێت.

کەواتە بە گشتی ئەو دەزگا و پۆستانەی کە ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن ئەمانەن: سەرکۆمار، پەرلەمانتاران، ئەندامانی مەجلیسی خوبرەگان(شارەزایان)، ئەنجومەنی شارەوانییەکان و لادێکان.

بەڵام جیا لەوەی لەمەرجەکانی کاندیدبوون بۆ هەریەک لەمانە سنووردار و جیاکاری مەزهەبی و سیاسیی و نەتەوەیی دەبیندرێت، مەرجیشە کاندیدی هەر پۆستێک کە هاوڵاتی دەنگی پێدەدات، پێویستە پەسەندکراوی شورای نیگەهبان بێت کە خۆی دەزگایەکی هەڵبژێردراو نییە. بۆیە زۆرجار ئێرانییەکان بە تەنزەوە لە بری وشەی انتخابات(هەڵبژاردنەکان)، انتصابات(دانراوەکان) بۆ پرۆسەکە بەکاردەهێنن.

**"دەنگدەر ئازاد نییە لە هەڵبژاردنی کاندیدەکان، بەڵکو پێشتر و لەلایەن شورای نیگەهبانەوە پاڵفتە دەکرێن"**

هەر لەبەر ئەوە ڕەخنەگرانی سیستمی سیاسی و پسپۆڕانی سیستمە سیاسییەکان و لایەنگرانی دیموکراسی، پێیانووایە سیستمێکی دیموکراسی نییە بەو مانایەی دەنگدەر و تێیدا هاوڵاتییان تەوەری سەرەکی بن و ئەوان بەڕێوەبەران و سیاسەتڕێژانی وڵات دەستنیشان بکەن، چونکە لە بنچینەدا ئەو دەزگایانەی کە هەڵدەبژێردرێن:

١- لە لوتکەی دەسەڵاتدا نین و لە پلە سێ و چواری هەرەمی سیاسییدان.
٢- دەنگدەر ئازاد نییە لە هەڵبژاردنی کاندیدەکان، بەڵکو پێشتر و لەلایەن شورای نیگەهبانەوە لیستێکی پەسەندکراو و دڵپەسەندی ژێر هەژموونی نوخبەی نێو دەسەڵات پاڵفتە دەکرێن و پاشان ئەو کاندیدە سنووردارانە دەخرێنە بەردەم هاوڵاتییانەوە، نەک ئەوەی هەر هاوڵاتییەک ئەو ئازادییەی هەبێت خۆی کاندید بکات و بچێتە کێبڕکێیەوە.
٣- کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بوونی نییە، بەڵکو لیژنەیەکی سەربە وەزارەتی ناوخۆیە و دامەزرێنراوە و لەژێر سەرپەرشتیی وەزیری ناوخۆی وڵاتدایە.

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جۆرایەتی سیستەمی سیاسیی ئێران، چونکە هەنووکە سیستمێکی تێکەڵە، بەپلەی یەکەم لە نێوان ئاینی-مەزهەبی (لەلوتکەدا)، لەسەر بنەمای ویلایەتی فەقیە دامەزراوە، بەپلەی دووەم کۆمارییەکی هەڵبژێردراوە! و پەرلەمانییەکی دەستنیشانکراوە( پێشتر کاندیدەکانی مەزهەبیانە و کارامەیی و باوەڕیان دەپشکنرێت پاشان هەڵدەبژێردرێن)، بەڵام بە ئالییەتی دیموکراسی و هەڵبژاردن و بە ئاراستەکردنی دەستەبژێرێکی ناهەڵبژێردراوی خەڵک. گەرچی وا دەربکەوێت دەسەڵاتی باڵای ئێران خەڵک تەوەرە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند دەزگایەکی ناهەڵبژێردراو هەیە کە ئاراستەی جۆری کاندید و پرۆسەی هەڵبژاردن و دەسکاری ئەنجام و کاندیدەکان دەکەن، هەرلەبەرئەوەیە ڕەخنەگرانی کۆماری ئیسلامی لەو باوەڕەدان سیستەمەکە ڕووپۆشکراوە بە دەنگی خەڵک، گەرنا ئەوەی پرس و جڵەوی دەسەڵاتی بەدەستە نوخبەیەکی دەسەڵاتدارە و ئەو نوخبەیە تەنانەت جۆری کاندیدەکان و ئەندازیاریی دەرکە و دەرچەکانی پرۆسەکە و ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەکات.

١٣ - ٤ - ٢٠٢١

# سەرۆک کۆماری ئێران، مێژوو، پێگە و شێوازی هەڵبژاردنی

٢

زنجیرە بابەتێکە لە سەرووبەندی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئێراندا، لەبارەی سیستمی سیاسیی، هەرەمی دەسەڵات، پێگەی هەڵبژاردن لە نێو سیستەمەکەدا، ئاراستە و حزبەسیاسییەکان، دەزگاهەڵبژێردراو و ناهەڵبژێردراوەکانی نێو سیاسەت لە درەومیدیادا دەخرێنەڕوو.

## سەرۆک کۆماری ئێران، مێژوو، پێگە و شێوازی هەڵبژاردنی

لە مێژووی ئێراندا و لە ٤٢ساڵی پاش شۆڕشی ١٩٧٩، ئەو وڵاتە حەوت سەرکۆماری بە خۆیەوە دیووە: بەنی سەدر(٨٠ - ١٩٨١)، ڕەجایی(٨١ - ١٩٨١)٢٨ڕۆژ سەرکۆماریی کرد و کوژرا، خامینەیی(٨١ - ١٩٨٩)، ڕەفسەنجانی(٨٩ - ١٩٩٧)، خاتەمی(١٩٩٧ - ٢٠٠٥)، ئەحمەدینەژاد(٢٠٠٥ - ٢٠١٣) و حەسەن ڕۆحانی(٢٠١٣ - ٢٠٢١) و واش چاوەڕێ دەکرێت دوومانگی دیکە هەشتەمین سەرۆک بچێتە پاستۆرەوە(شوێنی دەزگای سەرۆکایەتی). بەرلەوی لە دەسەڵات و پێگەی سەرکۆمار باس بکەین، گرنگە بزانرێت ئەو پۆستە کەی دانرا و مێژووی هەوڵەکانی بە کۆمارییکردنی ئێران بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟

## مێژووی هەوڵەکانی بەکۆمارییکردنی ئێران

تا هەنووکە وا دەرکەوتووە، کە یەکەمین ئاماژەی ئێرانییەک بە سیستەمی کۆماریی بگەڕێتەوە بۆ سەفەرنامەکەی میرزا ساڵحی شیرازی لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا و لەسەردەمی دەوڵەتی قاجاردا، کە تێیدا باسی لە سیستەمێکی سیاسیی بێ پادشا و کۆمارەکەی پاش شۆڕشی فەرەنسی کردووە، دیارە لەو سەردەمەدا پێناسەی کۆماریی، ئیلهامەکەی لە کۆماری فەرەنساوە وەرگیراوە. جیا لەمەش هاوچەرخی شیرازی و پاشتریش چەندین مونەویر و نوخبەی خوێندەواری سیاسیی کەم تا زۆر باسی سیستەمی کۆماری و چەسپاندنیان پێشنیار کردووە و هەندێکیان هەوڵیشیان بۆ داوە، وەک سەدرولمەمالیک، تاڵبوف، نازیمودەولە، ئەحمەد کرمانی و حەسەن ساحێبزەمانی، نازیمولئیسلام کرمانی، حەسەن تەباتەبایی و ..تاد. وەک جوڵەی سیاسی و بەئامانجی چەسپاندنیشی، چەندین هەوڵی ناکام بەر لە ساڵی ١٩٧٩دا دراوە، یەکەمینیان دەگەڕێتەوە بۆ صەدرولمەمالیکی ئەردەبیلی و بە هاندانی وەزیری موختاری فەرەنسا لە ئیران (دۆسێ تێربباز)، کە یەکەمین هەنگاو بووە

بەمەبەستی چەسپاندنی سیستەمی کۆماریی لە ئێراندا هاوێژرابێت، جیا لەوەی سەرنەکەوت بووە هۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانی قاجار و فەرەنساش لە سەردەمی ناسرەدین شادا.

لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی سەردەمی قاجاردا و لە ئانی سەرۆکوەزیرانی ڕەزاخان دا، شەپۆلێکی کۆمارییخوازیی جارێکی دیکە سەری هەڵدایەوە، کە لەژێرەوە ڕەزاخان(شای دواتر) هاندەری بوو، ژمارەیەکی بەرچاو لە پەرلەمانتاران لە ساڵی ١٩٢٤دا، پرۆژەی سیستەمێکی کۆماری و کۆتاییهێنان بە پادشایەتی قاجاریان پێشنیار کرد، هێندەی نەمابوو دەنگدانی بۆ بکرێت و سیستەمەکە جێگیر بکرێت، بەڵام بەهۆی نارەزایەتی کەمینەیەکەوە دەمەقاڵەیەک لەنێوان لایەنگرانی کۆماریی و نەیارانیدا، درووست بوو، یەکێک لە پەرلەمانتاران زللەیەکی لە ئاخوندێکی پەرلەمانتار(حەسەن مودەڕیس) دا و بەوشێوەیە ململانێکە لەنێو خەڵکدا وەک شەڕی سوکایەتی بە پیاوی ئاینی لەقەڵەمدرا و لەدەرەوەی پەرلەمان خەڵکیان هێنایەسەرشەقام و لەپەنای ئەو پۆپۆلیزمە ئاینییەدا، پرۆژەی کۆمارییخوازی لە پەرلەماندا سەرکپ کرا.

جیا لەم هەوڵەش لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، سێ کۆماری وەک گیلان-ی میرزا کوچەک خان و هاوپەیمانە چەپەکانی(١٩٢١)، کۆماری کوردستان-ی قازی محەمەد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات(١٩٤٦) و حکومەتی نیشتمانیی ئازەربایجان(گەرچی ئەم ناوی کۆماری هەڵنەگرت) دامەزران، کە بە هەوڵەکانی کۆماریی لەقەڵەم دەدرێن، بەڵام هەر زوو لەنێوبران. لەسەردەمی حکومەتەکەی موسەدەقوسەڵتەنە ١٩٥٣شدا، حسێنی فاتیمی(وەزیری دەرەوە) بە بانگەشەکاری هەڵوەشاندنەوەی پاشایەتی دادەنرێت و لایەنگرانی بە شەهیدی کۆمارییخوازیی دەناسێنن.

بەڵام ئەزموونی درێژخایەنی کۆماریش(ئەڵبەت بەتامی مەزهەبی و ئیسلامییەوە)، دەگەڕێتەوە بۆ پاش هەرەسی سیستەمی پاشایەتی لە شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩دا، کە زۆری نەبرد بەهۆی ڕاپرسییەکەوە، سیستەمی سیاسیی ئێران لە پاشایەتییەوە (دەوڵەتی شاهەنشایی ئێران) گۆڕدرا بۆ کۆماریی(کۆماری ئیسلامیی ئێران) (بڕوانە: ئێراننامەی ١). هەر بەپێی جۆری سیستەمەکەش پۆستی سەرۆک کۆمار دانرا، یەکەمین سەرکۆماریش لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەو وڵاتەدا لە ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٨٠دا، ئەبولحەسەن بەنی سەدر بوو. بەڵام زۆری نەخایاند و لە ٢١ی حوزەیرانی١٩٨١دا لەسەر کار لادرا و پاشتر بەرەو پاریس هەڵهات. دوایەمین سەرکۆماریش حەسەن ڕۆحانییە و تا ئەمووزی دادێ دواکاتەکانی نێو شەقامی پاستۆر (سەرۆکایەتی کۆمار) بەڕێدەکات.

**"سەرکۆماریی زۆرینەی دەنگی ڕەهای بەشداربووانی لە هەڵبژاەدندا پێویستە لە ئەگەری نەهێنانی ئەو ڕێژیمە، پێویستە هەڵبژاردن بچێتە خولی دووەمەوە"**

## پێگە و شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار

لەدەستوری ئێرانیدا بەپێی ماددەی ١١٣، پۆستی سەرۆک کۆمار، پاش پۆستی ڕێبەر، بە دووەمین پۆستی دەوڵەت دادەنرێت و بەرپرسیارێتی دەسەڵاتی جێبەجێکردن (بێجگە لەو کاروبارانەی ڕاستەوخۆ بە ڕێبەری باڵاوە پەیوەستن) لەدەستدایە. بەپێی ماددەی ١١٤ش، سەرکۆمار بۆ ماوەی چوار ساڵ لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت و بە دوای یەکدا تەنها یەکجاری دی بۆی هەیە خۆی هەڵبژێرێتەوە.

لەبارەی مەرجەکانی پاڵێوراوی بۆ سەرکۆماربوونیش ماددەی ١١٥ بەمشێوەیە ڕوونی کردووەتەوە: پێویستە بە ڕەچەڵەک و ڕەگەزنامە ئێرانی بێت، بەڕێوەبەر و چارەساز، خاوەن پێشینەیەکی چاک، ئەمانەتپارێز و بەتەقوا بێت، ئیماندار و باوەڕدار(مومن و معتقد) بێت بە بنەماکانی کۆماری ئیسلامی و مەزهەبی ڕەسمی ئێران(دوانزەئیمامی شیعە)، پێویستە بەر لە هەڵبژاردن پاڵێوراوێتی خۆی ڕابگەیەنێت(ماددەکانی ١١٥و١١٦ی دەستوور).

سەرکۆماریی زۆرینەی دەنگی ڕەهای بەشداربووانی لەهەڵبژاردندا پێویستە، لە ئەگەری نەهێنانی ئەو ڕێژەیە، پێویستە هەڵبژاردن بچێتە خولی دووەمەوە ،کە لەم دەنگدانەدا تەنها دوو کاندیدی یەکەم و دووەم بەشدار دەبن و سەرکەوتوویان دەبێتە سەرکۆمار(ماددەی١١٧دەستوور). هەڵبژاردن پێویستە لانیکەم مانگێک بەر لە کۆتایی وادەی تەواوبوونی ماوەی سەرۆکایەتی سەرکۆماری پێشوو ئەنجام بدرێت(ماددەی١٢٠)، بۆ مەراسیمی دەستبەکاربوونیشی دەبێت بچێتە تەلاری پەرلەمان و بە ئامادەبوونی هەریەک لە سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەریی و ئەندامانی شورای نیگەهبان، سوێندی یاسایی بخوات، لێرەوە بەرپرسیارێتییەکە هەڵدەگرێت و بەرپرسیار دەبێت لەبەردەم خەڵک و ڕێبەری باڵا و پەرلەماندا(ماددەکانی١٢١و١٢٢).

دیارترین دەسەڵاتەکانی سەرکۆمار ئەمانەن: دیاریکردنی ئەنجومەنی وەزیران و لابردنی هەر وەزیرێکی کابینەکەی هەیە، بەڵام بۆ دانانی هەر وەزیرێک پێویستە وەزیری پێشنیارکراو متمانەی پەرلەمان بەدەستبهێنێت، هەروەها دەسەڵاتی دانانی سەرۆکەکانی دامەزراوەکانی بودجە، میراتی کولتووری، پیشەی دەستی و گەشتوگوزاریی، وزەی ئەتۆم، ژینگە و بانکی ناوەندی هەیە. ئیمزای پەیماننامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی لە ئەستۆیدایە(پاش ئەوەی لە پەرلەمان پەسەند دەکرێن). دەتوانێت داوای دانیشتنی نهێنیی پەرلەمان بکات، مافی هەیە بەشداری کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بکات(بەبێ

دەنگدان). سەرۆکایەتی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی دەکات، بەڵام پێویستە بڕیارەکانی ئەم ئەنجومەنە پەسەندنامەی ڕێبەری باڵای شۆڕش وەربگرن.(ماددەکانی ١٢٢ - ١٢٩، ١٣٣ - ١٣٦ و ١٣٨)

لەئەگەری مردن، لادان، دەستلەکارکێشانەوە و نەخۆشییەک لە دوومانگی زیاتر دەوام نەکات، یاخود لەئەگەری هەڵنەبژاردنی سەرۆک کۆماری نوێدا بە هەر هۆیەک بێت، یاریدەدەری یەکەمی سەرکۆمار کاروبارەکان لەئەستۆ دەگرێت و ئەنجومەنێک لە سەرۆکی پەرلەمان، سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەریی و یاریدەدەری یەکەمی سەرۆک پێکدەهێنرێت، تا لەماوەی ٥٠ ڕۆژدا(نەک زیاتر) هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئامادە بکەن و سەرۆکێکی نوێ هەڵبژێردرێت. (ماددەی ١٣١) بۆ لێپێچینەوە و پرساندنیشی، ئەوا بە دەنگی یەک لەسەرچواری ئەندامانی پەرلەمان پێویستە بچێتە پەرلەمان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیان، بۆ دەستپێلەکارکێشانەوەش بە دەنگدانی سێ لەسەرچواری ئەندامان و بە ڕەزامەندیی ڕێبەری باڵا لەکاردەخرێت.(ماددەکانی ١٣٠ - ١٣٢).

> " وەک نەریتێکی سیاسی لێهاتوو کە زۆربەی کات کە کۆتایی خولەکانیاندا سەرۆک کۆمارەکان کەوتوونەتە بەر ڕەخنەی ڕێبەر و لایەنگران"

## پێگە و تەگەرەی بەردەم سەرکۆمار

هەڵسەنگێنەرانی سیستەمی سیاسیی و بەتایبەت پۆستی سەرۆکایەتی، لەباوەڕەدان کێشە و کۆسپی بەردەم دەسەڵاتەکانی سەرکۆمار، بریتیە لە پەیوەستییەکانی ئەم پۆستە لە سێ ئاستدا:

١- هەر لە پاڵفتەی پاڵێوراوەکانییەوە تا دەگاتە سوێندخواردن و لادان یان تەواوبوونی ئەرکەکەی، کە ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە دەسەڵاتێکی سەرووی خۆیەوە(ڕێبەر)،

٢- هەروەها پرۆسەی چاودێریی خۆپاڵاوتن و هەڵبژاردن و پەسەندکردنی دەنگەکانی(شورای نیگەهبان)،

٣- لێپێچینەوە و بەرپرسیارێتییەتی لەبەردەم دەزگایەکدا لەکاتێکدا ئەو هەڵینەبژاردووە(پەرلەمان)، لەمەدا گەرچی سیستەم لەسەربنەمای ویلایەتی فەقیە و کۆمارییە بەڵام بۆ لادان و لێپرسینەوەی سەرکۆمار بووەتە پەرلەمانی!

گرفتێکی دیکەی سەرەکی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی، لە ماددەی ١١٨ دایە، کە تێیدا چاودێریی پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری(بە پێی ماددەی ٩٩) خستووەتە ئەستۆی شورای نیگەهبان (ئەنجوومەنی پاراستنی دەستوور) کە دەزگایەکی

هەڵنبژێـردراوە(لە زۆرێـک وڵات ئەم پرۆسـەیە کۆمسـیۆن و دەسـەڵاتی دادوەریـی رێکـی دەخەن). کە تێیـدا لە پرۆسـەی پاڵفتەکردن و پشکنینی باوەڕەکانی کاندیدەکانەوە دەستپێدەکات تـا پەسەندکردنی ئەنجامەکـانی هەڵبـژاردن. دەسەڵاتێکی کاریگەری ئەم شورایە، ڕەتکردنەوەی کاندیدەکانە.

لە نۆ خولی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریيدا، هەشت خولی چاودێری کردووە(لە خولی یەکەمدا دانەمەزرابوو)، لە دووەمین خولی هەڵبژاردنەوە بەمشێوەیە خۆپاڵێوەکانی رەتکردووەتەوە و کەمینەیەکی وەک پاڵێوراو پەسەندکردووە: خولی دووەم لە ٧١ کەس سەرۆکایەتی تەنها ٤پیان پاڵیوران، خولی سێیەم لە ٤٥ کەس ٤ پاڵێوراو، خولی چوارەم لە ٥٠ کەس ٣ پـاڵێوراو. خولی پێنجەم لە ٨٠ کەس ٢ پـاڵێوراو. خـولی شەشـەم لە ١٢٨ کەس ٤ پـاڵێوراو، خـولی حەوتەم لە ٢٣٨ کەس ٤پـاڵێوراو، خولی هەشتەم لە ٨١٤کەس ١٠ پـاڵێوراو، خـولی نۆیەم لە ١٠١٤ کەس ٦ پـاڵێوراو، لەخـولی دەیەمیشـدا تەنهـا ٤ پـاڵێوراو، خـولی یـانزەش لە  ٦٨٦کەس ٩ پـاڵێوراو و لە دوا خولیشـدا(دوانـزەیەم) لە ١٦٣٦ کەس تەنهـا ٦ پـاڵێوراو پەسـەندکران و ملمـلانێیـان کـرد، لە کاتێکـدا بەشـێکی دیـاری پـاڵێوراوە ڕەتکراوەکـان لە سـەرانی شـۆڕش و بەشـداری بڕیـاری سیاسـیی و لە هەرەمی سەرەوەی دەسەڵاتدا بوون، وەک ڕەفسەنجانی، خاتەمی، ئەحمەدی نەژاد و تاد.

**"بەهۆی پاڵفتە کردنی کاندیدەکانی سەرکۆمارییەوە جیاکردنەوەی دەسەڵەتەکان و سەلاحیاتەکانیشیان تێکەڵبوون"**

گرفتێکـی دیکەی دەسـەڵاتەکانی سـەرکۆمار، بەکردەیـی هەنـدێ دۆسێی لەدەسـتدا نییە، وەک وەزارەتـی بەرگریـی، دەرەوە، سوپا، ئەتۆم، ئیمام جومعەکان (کە لەهـانـدان و ئاراستەکردنی خەڵکدا کـاریگەرن و ڕێبەر دایـان دەنێت)، دانووسـتـاندن و داهاتی شوێنە پیرۆزەکان و دەزگائاییینەکان، کە ئەمانە ڕاستەوخۆ پەیوەستکراون بە دەسـەڵات و هەژمـوونی ڕێبەرایەتییەوە. بـۆیە وەک نەریتێکـی سیاسـی لێهـاتووە کە زۆبەی کـات لە کۆتـایی خولەکانیانـدا کەوتـوونەتە بەر ڕەخـنەی ڕێـبەر و لایەنگرانی، ئەم پشتتێکردنەی ڕێبەریش لەبەنی سەدرەوە تـا ڕۆحانی بەدی دەکرێت تەنها سـەردەمی سـەرۆکایەتی ڕەجـایی و خامینەییدا نەبێت، یەکەم لەبەرئەوەی لە مـانگی یەکەمیدا کوژراو و دووەمیش خومەینی مرد و خـۆی بـوویە ڕێبەری بـاڵا. ئەم گرفتـانە کێشـەی بـۆ جێبەجێکردنـی بەرنامەکـان و پلانەکانیشـی درووسـتکردووە، تەنـانەت بەهـۆی بەرپرسـیارێتی و چـاودێریی شـورای نیگەهبـانەوە لەسـەر پرۆسـەی هەڵبژاردنـی سـەرکۆمار، ئاراسـتەی پرۆسـەی سیاسـیی و کـاڵکردنەوەی ئۆپۆزسیۆنی نێوخۆیی و پەراوێزخستنی چەندین حزب و ئاراستەی سیاسیی لێکوتووەتەوە و بەجۆرێک بەهـۆی پـاڵفتەکردنی کاندیـدەکانی سـەرکۆمارییەوە، جیـاکردنەوەی دەسـەڵاتەکان و سەلاحییاتەکانیشـیان تێکەڵبـوون، چـونکە لەڕووی ئاراسـتەی سیاسـییەوە نزیکبـوونەتەوە لەیەکتـر و نـاتوانن چـاودێری سـەر یەکتـر بـن و ئەگەرەکـانی بەردەم خەڵـک لە دەنگدان زۆر

بەرتەسک و سنووردار کراوە، چونکە کاندیدەکانی سەرکۆماریی بە جۆرێک ئەندازیاریی دەکرێن ئەو کەسانە دەردەچن کە لایەنگریی نوخبەی دەسەڵات و دەوڵەتی قوڵی ئێرانن. ئەمەش لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩دا بەڕوونی دەرکەوت و لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٣ شدا نیوەی باڵی شۆڕشی ئیسلامیی(ڕیفۆرمخوازان) پاسیڤ کرا و کاندیدەکانیان ڕەتکرانەوە و بەشدارییان پێنەکرا.

١٧ - ٤ - ٢٠٢١

---

## شورای پاسەوان؛ پێگەی لە سیستەمی سیاسی و ڕۆڵی لەهەڵبژاردنەکاندا

٣

شورای پاسەوان(شورای نگهبان)(مجلس الصیانة)، ساڵی ١٩٧٩ و سەرەتای شۆڕش دامەزراوە. خاوەنی دەسەڵات و پێگەیەکی کاریگەرە، ڕۆڵی کردەیی هەیە لە ئاراستەکردنی بڕیاری سیاسی و هەژموونێکی فراوانی هەیە لە دەستنیشانکردنی نوخبەی سیاسیی دەسەڵاتداری وڵات و سیاسەترێژی گشتییدا. چونکە لە پارێزگاریی ئیسلامێتی دەسەڵات و ڕاڤەی دەستوور، دەرکە و دەرچە(Output & Input)ی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆمار، پەرلەمان و ئەنجوومەنی شارەزایان-یش لە جڵەوی وی دایە.

پێشینەی ئەم دەزگایە بۆ سەرەتاکانی شۆڕش دەگەڕێتەوە و بە تایبەت کاتێک کە سەرانی شۆڕش دەیانوویست دەستووری وڵات دابڕێژن، داڕێژەرانی دەستوور بۆ پارێزگاریی و چاودێریی جێبەجێکردنی دەستوور، دەزگای شورای پاسەوانی دەستووریان پێشنیار کرد، بەڵام لە دەستووردا ناوەکەی هەر بە شورای پاسەوان بەبێ پاشگری "ی دەستوور"، هاتووە. زۆرجار لە میدیاکان و توێژینەوەکاندا، بە هەڵە لە ناوهێنانی شورای پاسەوان پاشگری "دەستوور"ی بۆ ئیزافە دەکرێت، ڕاستییەکەی چ لە ناوە ڕەسمییەکەی شوراکە و چ لە دەستووردا پاشگری دەستوور بە شوراکەوە نییە، ئەمەش بێهۆ نییە و بەڵکو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شورای پاسەوان هەڵگری هەردوو دەسەڵاتی شەرعی-دینی و دەستوورییە، تەنها ئەرکی پاراستنی دەستوور نا بەڵکوو سەرجەم ئەرک و چاودێرییەکانی لەڕوانگەی پێوەرەکانی ئیسلامی شیعی و پاشان دەستوور ئاراستە دەکات. بۆیە شورای پاسەوان، پاسەوانی ئیسلامی شیعی(دوانزەئیمامی) و دەستووری ئێرانیشە.

شورای پاسەوان، یەکێکە لەو سێ دەزگایەی کە سەربە دەسەڵاتی یاسادانان(تشریعی)یە و دەزگایەکی ناهەڵبژێردراوی نێو هەرەمی سیستەمی سیاسییە لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا، پێکهاتەی ئەندامیی ئەم شورایە لە دوانزە(١٢)کەس پێکهاتووە، شەشیان(٦) "موجتەهید"ن و "شارەزای کاروباری مەزهەبی"ن ،کە ڕاستەوخۆ دانراوی ڕێبەربالان و شەشەکەی(٦) دیکە هەڵبژێردراوی سەرۆکی دەسەڵاتی یاسادانانن، پاش دەستنیشانکردنیان ڕەوانەی پەرلەمان دەکرێن و لەوێوە پەسەند دەکرێن.(ماددەی٩١ی دەستوور)

تەمەنی هەر خولێکی ئەم شورایە شەش(٦) ساڵە، بەڵام لە یەکەمین خولیدا و لە نیوەی خولەکەدا واتە لە سێ ساڵدا، نیوەی ئەندامەکانی هەردوو گرووپی یاسایی و مەزهەبی بەشێوەی تیرووپشک دەگۆڕدرێن، ئەندامی نوێ دەخرێنە شوێنیان(ماددەی٩٢ی دەستوور).

"شورای پاسەوان، یەکێکە لەو سێ دەزگایەی کە سەر بە دەسەڵاتی یاسادانان(تشریعی)یە و دەزگایەکی ناهەڵبژێردراوی نێو هەرەمی سیتەمی سیاسییە لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا"

سکرتێر، باڵاترین پۆستی ئەم دەزگایەیە و لە ساڵی ١٩٧٩ەوە، سێ سکرتێری بینیووە و هەرسێک کەسایەتیی ئایینی بوون: صافی گولپایەگانی خولی یەکەم و محەمەد محەمەدی گیلانی خولی دووەم و لە خولی سێیەمیشەوە تا ئێستا کە خولی حەوتەمییەتی و تا ساڵی ٢٠٢٢کۆتایی خولی حەوتەمە، ئەحمەد جەننەتی (٩٤ساڵە) سکرتێرییەتی و هاوکات سەرۆکی ئەنجوومەنی شارەزایانی ڕێبەرییشە.

ئەرکی سەرەکی و دەستووری ئەم شورایە بریتییە:

- سازاندنی یاسا پەسەندکراوەکانی پەرلەمان لەگەڵ ئیسلام و دەستووری وڵاتدا(ماددەی٩٤و٩٦ی دەستوور).
- ڕاڤەی دەستوری وڵات بە پێی ڕەزامەندی سێ لەسەر چواری ئەندامەکانی(ماددەی٩٨ی دەستوور).
- چاودێریی هەڵبژاردنەکان و گشتپرسیی(ماددەی٩٩ی دەستوور).

هەروەها یەکێکیشە لەو دەزگایانەی کە لە دارشتنەوە و هەموارکردنەوەی دەستووری وڵاتدا ڕۆڵی هەیە(ماددەی١٧٧ی دەستوور).

## پێگەی شورای پاسەوان لە هەرەمی سیاسییدا

بۆ دەرخستنی پێگەی ئەم شورایە، پێویستە لە دوو ڕوانگەوە سەیر بکرێت، یەکەم لەڕوانگەی سەرچاوەی ڕەوایەتی و دامەزراندنییەوە، دووەم لە ڕوانگەی کێڵگە و ئەنجامەکانی کارکردنی. واتە ئایا سەر بەچ پێگەیەکی دەستووریی و وابەستەی چ ئۆرگانێکی باڵای سیستەمی سیاسییە؟

شورای پاسەوان، باڵێکی ڕەوایەتیی خۆی لە دەستوورەوە وەرگرتووە و هەر خۆشی تاقانە سەرچاوەی ڕاڤەکردنی بەندەکانی دەستوورە. هەریەک لە ماددەکانی ٩١ تا ٩٩ی دەستووری وڵات، پەیوەستن بە ئەرک و دەسەڵات و شێوازی دیاریکردنی ئەندامانی ئەم شورایەوە.

"شورای پاسەوانی، باڵێکی ڕەوایەتیی خۆی لە دەستوورەوە وەرگرتووە و هەر خۆشی تاقانە سەرچاوەی ڕاڤەکردنی بەندەکانی دەستوورە"

باڵەکەی دیکەی ڕەوایەتی شوراکە، لە پەیوەستییەکانی ئەم دەزگایەوە دێت، کە لە ڕووی دانانی ئەندامەکانییەوە سەر بە دەزگا و ژێرگرووپی دەسەڵاتەکانی ڕێبەری باڵایە، چونکە نیوەیان ئەو دایان دەنێت و نیوەکەی دیکەشیان سەرۆکی دەزگای دادوەریی نیشانەیان دەکات کە دیسان هەر ژێرگرووپ و هەڵبژێردراوی ڕێبەرە(بڕوانە بەندەکانی٥٧ و ١١٠ی دەستوور). کەواتە لەڕووی پێگە و سەرچاوەی ڕەوایەتی دەسەڵاتییەوە شورای پاسەوان کەوتووەتە نێوان سێکوچکەی دەستوور - ڕێبەرایەتی- سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری. بۆیە ڕەتکردنەوەی بڕیارەکان و ڕێکارەکانی کارکردنی و بگرە چاکسازیی لە دەسەڵاتەکانیشیدا، سەخت و دژوارە.

## شورای پاسەوان و هەڵبژاردنەکان

بۆ شورای پاسەوان، ئەوەی پەیوەندی بە هەڵبژاردنەوە هەبێت، ئەوەیە کە ئەرکی چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی و پەرلەمان و ئەنجومەنی شارەزایانی دەکەوێتە ئەستۆ(ماددەی ٩٩)، چونکە بەوپێیەی کە خۆی لایەنی ڕاڤەکاری دەستووریشە بەوشێوەیە ڕاڤەی کردووە کە چاودێریی هەڵبژاردنەکان تەنها چاودێریی پرۆسەکە نییە بەڵکو بەهۆی ئەرکەکانی دیکەیەوە کە پێشتر باسکرا، پێویستە لە هەرسێ پرۆسەی دیاریکردنی پاڵێوراو، چاودێریی پرۆسەی

بەڕێوەچوون و هەڵبژاردنی کاندیدەکان(باوەڕ و ئینتیما) و پاشان لە پەسەندکردنیشیاندا ڕۆڵی هەبێت، کەواتە لە ئەلف تا یای هەڵبژاردن (کاندیدبوون، پەسەندکردن و ڕەتکردنەوە) ڕۆڵی هەیە. تەنانەت بۆ دەزگایەکی وەک پەرلەمانیش کە ڕاستەوخۆ ئەندامەکانی پێویستە هەڵبژێردراوی خەڵک بن، لە دەستووردا هاتووە کە پەرلەمان هیچ ئیعتیبارێکی نییە بە بێ بوونی شورای پاسەوان(ماددەی ۹۳ی دەستوور).

لەهەڵبژاردنەکانی ئێراندا و جۆری پاڵێوراوەکان و پشکنینی باوەڕەکانیان بە مەزهەبی شیعەی دوانزەئیمامی و بە شۆڕشی ئیسلامی، ڕاستەوخۆ بە پێی دەستوور و ڕاڤەکانی، چ لە پەسەندکردنیان و چ لە ڕەتکردنەوەیاندا، لەژێر چاودێریی شورای پاسەواندایە.

**"شورای پاسەوانی، ئەرکی چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی و پارلەمان و ئەنجومەنی شارەزایانی دەکەوێتە ئەشێۆ"**

هەربۆیە لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی، پەرلەمان و شارەزایانی ڕێبەریی، ژمارەی کاندیدەڕەتکراوەکان چەند هێندەی پەسەنکراوەکانن(بڕوانە ئێراننامەی۲)، لەوەش بترازێت، هیچ کاندیدێک لەدەرەوەی گووتاری نوخبەی دەسەڵاتداریی شیعە پەسەند نەکراوە بۆ بەشداریی لە هیچ هەڵبژاردنێکدا، تەنانەت بە سوننەمەزهەب و زەردەشتی و ئاینەکانی دیکەشەوە، پێویست بووە باوەڕی خۆیان بە ئیسلامێتی، شیعەێتی شۆڕشی ئیسلامی و دەسەڵات لەئێراندا و شوناسیی هەنووکەیی دەوڵەت بسەلمێنن، گەرنا لە یەکەمین فلتەری خۆپاڵاوتندا ڕەتدەکرێنەوە.

بەگوێرەی ڕاڤەی شورای پاسەوان، ڕاشکاوانە ئەم ڕەتکردنەوانە بەئەرکی خۆی دەزانێت و ئاوا تەفسیری دەکات، کە ئەرکییەتی شایستەیی و ناشایستەیی هەر هاوڵاتییەکی ئێرانی کە خۆی ئامادە دەکات بۆ وەرگرتنی هەر پۆستێک لە سەرکۆمار، پەرلەمانتاری و ئەندامێتی ئەنجوومەنی شارەزایان، دیاریی بکات و چاودێریی و هەڵسەنگاندنی نێوەڕۆکی و شێوەیی بۆ بکات و بڕیاری لەسەر بدات. بەمشێوەیە شوراکە دەرچەکانی هەڵبژاردنی لەڕێی جۆری کاندیدەکانەوە دیاریی دەکات و ئیتر سرووشتیە کە دەرکەکان و ئەنجامەکانی بە دڵی نوخبەی دەسەڵاتداری نێو شۆڕش دەکەوێتەوە.

دەردەکەوێت نێوەڕۆک و بڕیاردان لەسەر کاندیدەکان، ئەندازەکردنی ململانێکانی هەڵبژاردن، پەسەندکردنی پرۆسەکە و ئەنجامەکانی لەدەستی شورای پاسەواندایە، بەڵام لایەنی کارگێڕیی و ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان دەکەوێتە ئەستۆی لیژنەیەک لە وەزارەتی ناوخۆی وڵات.

نەک هەر ڕەخنەگرانی سیستەمی سیاسیی و ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی پرۆسەی سیاسیی ئێران، بگرە هێز و ئاراستە سیاسییەکانی نێو خودی شۆڕشیش ڕەخنەی زۆر لە ڕاڤەی بڕگەی "چاودێریی هەڵبژاردنەکان" دەگرن و لەویشەوە تیری ڕەخنەکانیان ڕاستەوخۆ لە شورای پاسەوانە، چونکە پێیانوایە بووەتە سەرچاوەی ئەندازەکردن و بڕیاردەر لەسەر ئاراستەکردن و خاوکردنەوەی ململانێکان و یەکدەستکردنی دەسەڵات و ڕێگەخۆشکردن بۆ درێژەدان بە بڕیاردانی تاکلایەنانە و سنووردارکردنی مافی خەڵک لە هەڵبژاردنی نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیاندا. هەروەها هەندێک لەسەرانی نێو شۆڕش، ئەم پرۆسەیە بە کارتی فشاریی توندئاژۆکانی نێو سیستەمی سیاسیی لەقەڵەمدەدەن و پێیانوایە کێشەی قوڵی ئەم شورایە ئەوەیە لەبەردەم پەرلەمان و ئەنجوومەنی شارەزایاندا بەرپرسیار نییە و هیچ دەزگایەکی هەڵبژێردراو ناتوانێت لێپێچینەوەی لێ بکات.

**"هیچ کاندیدێک لەدەرەوەی گووتاری نوخبەی دەسەڵاتداریی شیعە پەسەند نەکراوە بۆ بەشداریی لە هیچ هەڵبژاردنێکدا"**

لەنێو ئێراندا، چەندین جار هەوڵدراوە چاوخشاندنەوە و ڕاڤەکردنێکی نوێ بۆ چەمکی "چاودێریی هەڵبژاردنەکان لەلایەن شورای پاسەوانەوە"، بێتەئاراوە و یاسایی بکرێت، بەڵام تا هەنووکە شکشتییان هێناوە و شوراکە بەردەوامە لە ئەندازەکردن و ئاراستەکردنی پۆستەکان، بە پێی هەڵسەنگاندنە باوەڕیی و سیاسیی و سەلیقەییەکانی خۆی.

١٢٤ - ٤ - ٢٠٢١

## ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامیی ئێران؛ پێگە و دەسەڵاتەکانی

(٤)

ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران یان ویلایەتی فەقیە، هەم پۆستێکی داهێنراوی نوێی نێو فیقهی سیاسیی شیعە و ئێرانیشە و هەم خاوەنی فراوانترین دەسەڵاتیشە کە بێ لێپێچینەوە و بێ سنوور و بێ کاتە لە ڕادەستکردنی پۆستەکەدا.

پۆستی ڕێبەری باڵا ڕەوایەتی و دەسەڵاتەکانی وابەستەیە بە چەمکی ویلایەتی فەقیهەوە، کە کۆی سیستەم و دیدگای کۆماری ئیسلامی ئێرانی لەسەر بیناکراوە، لە ئێستادا گرنگترین دەزگای کۆمارە و ستوونی خێمەی دەسەڵاتی سیاسییە.

## چەمکناسیی ولایەتی موتڵەقەی فەقیە

ڕاجیاییی زۆر هەیە لەبارەی وردەکاریی و مێژوو و سەرچاوەی دەرکەوتنی وەلی و ویلایەتی فەقیهەوە، بەڵام بەم دەسەڵات و بەمشێوەیە کە ئێستا لە ئێراندا هەیە، داهێنراوی ئایەتوڵا خومەینی و یاوەرانییەتی و تەنانەت زۆر لە مەرجەعەکانی شیعە و شیعەناسان کۆکن کە داهێنراو (بیدعە)یەکی کردەییکراوی ناوبراو بووە.

لە بنچینەدا ولایەت، چەمکێکی عەرەبییە و لە وشەی وەلی-یەوە وەرگیراوە، هەروەک ڕاغیبی ئەسفەهانی ڕوونی کردووەتەوە بە مانای پەیوەستی و نزیکایەتی دێت و پاشتر ئەم چەمکە مانای ئاینی و سیاسی دیکەی پێوەپێچراوە. لە لسانوعەرەبیشدا بە مانای شتێکە کەبەدووی شتێکی دیکەوەیە کە نێوانی تێنەکەوێت و نزیکی یەک بن. فۆرمی وشەکەش (لەگۆڕینی فەتح و کەسرەکانیدا) بەمانای دیکەی وەک یار، خۆشەویستی، دۆستی، سەرکەوتن، سوڵتان، شوێنکەوتن و پەیڕەوی و سەرپەرشتیاری هاتووە. بەڵام لە نێو فیقهی سیاسیی شیعەدا بەمانای سەرپەرشتیاری تەواوەتی دێت، کە لەخۆگری ڕەهەندەکانی شەریعەت و بەڕێوەبردن و جێبەجێکاری شەرعی ئیسلام و ئەحکامەکانییەتی. ئەڵبەت لە لای شیعەی سیاسیی ئێران بەتایبەتی، چەمکەکە پاشگری موتڵەق-ڕەهای پێوەیە و دەبێتە ولایەتی موتڵەقەی فەقیە کە هەم بەڕێوەبردن و هەم ڕێکخستنیش دەگرێتە خۆی و دەیکاتە باڵاترین و دەستێوەردەرترین لە وردودرشتی کاروباری هەر تاکێکی شیعەی دوانزەئیمامی و لە ئێستادا بەهۆی دەستووریشەوە ڕەهەندی یاساییشی وەرگرتووە و هەموو ئێرانییەک گەر شیعەش نەبێت لەژێر دەسەڵاتەکانی ئەم پۆستەدایە.

> "دەزگاکانی میدیایی دەنگی و ڕەنگیی نیشتمانی سەرانسەری وڵات لەژێر دەسەڵاتی ڕێبەردان و سەرۆکی دەزگاکەش دیارییکراوی ڕێبەرە"

موتڵەق بوونی ولایەت لە فیقهی مەزهەبی و سیاسیی شیعەدا ئەرکی ڕوونکردنەوە و جێبەجێکاری ئەحکامی ئیسلامی، یەکلاکردنەوەی حوکمە پێکداچوو و ناڕوونەکان و جێگە خیلافەکانە.

لەسەر ئاستی مەرجەعیەت و دەسەڵاتەکانی ولایەتی فەقیهیش، لە دنیای شیعەدا سێ جۆری هەیە: ولایەتی گشتی(عامە-

مطلقه)، نێوەند (وسطی)و تایبەتمەند(خاصه)یە، کە مەرجەعی شیعەکانی جیهان ئێرانی لێدەرچێت زۆربەیان هاوشێوەی دووەم و سێیەمن، بەڵام لە ئێراندا ولایەی عامە پیادە دەکرێت کە وردودرشتی کاروبار لەخۆ دەگرێت و دەتوانێت دەست وەربداتە شێواز و جۆر و چۆنێتی ئەرک و مافەکانیان. چونکە لە ویلایەتەکانی تایبەتمەند و نێوەندیدا، مەرجەع یان لە کولیات و عەقیدە و بنەما دینییەکاندا وەلی موسڵمانانە یاخود کەمێک زیاتر دەچێت و لە دادگاکانیشدا دیسان هەر وەلی و مەرجەعی شیعەکانە وەک ئەوەی لە نەجەف و عێراقدا بە گشتی هەیە، بەڵام لە ئێراندا ولایەی گشتی-عامەیە و سەرتاپا لە خۆدەگرێت نەک هەر ئەوەش بە وتەی خومەینی دەبێت لە سەروەوەی هەرەمی سیاسییشدا بێت و جێبەجێکاریشی بێت. لەدیدی شیعەی سیاسیی حاکمی ئێرانەوە: هەرچی چەمکی فەقیهیشە(شارەزای ئاینی)، بەمانای موجتەهیدێک دێت کە کۆکەرەوەی سێ ڕەگەز بێت: ئیجتیهادی موتڵەق، عەدالەتی موتڵەق، توانای بەڕێوەبردن و ئامادەگیی ڕێبەری تێدا بێت.

## سەرەتاکانی چەسپاندن و یاساییکردنی ویلایەتی لەئێراندا

ئێرانییەکان پاش شۆڕش، چاوەڕوانی دامەزراندنی ئەنجومەنی دامەزرێنەران بوو تا دەستووری هەمیشەیی وڵات بەشێوەیەکی گونجاو بۆ قۆناغی پاش شۆڕش دابڕێژن، بەڵام لە جیاتی ئەم ئەنجوومەنە، ئەنجوومەنی شارەزایان(خبرگان) دامەزرا، ئەنجوومەنەکە زۆر زوو دەستی کردە بانگەشە بۆ چەسپاندنی سیستەمی ئیسلامی شیعی و پاشتریش ویلایەتی فەقیە، بەڵام بە قۆناغبەندی و سەرەتا بە حەزەرەوە تا گەیشتە ئەوەی "هەرکەس دژی بێت دوژمنە" گەیشت. پیاوانی مەزهەبی سەرەتای بانگەشەکەیان بەوە دەستی پێکرد کە هێرشێکی توندیان کردە سەر ئەو کەسانەی کە دژی ئاخوندەکان دەجوڵانەوە کە تۆمەتباریان دەکردن بە قەتیسکردنی دەسەڵات لەدەستی خۆیاندا، گەرچی تۆمەتەکە لە دواجاردا واقیع بوو نەک تۆمەت، بەڵام ئاخوندەکان ئەوەیان ڕەتکردەوە و شەقامییان پاککردەوە لەو کەسانەی ڕەخنەیان لە دەسەڵاتی دینی دەگرت. پاشان توند و زبر پەلاماری ئەو کەسانەیان دا کە داوای جیاکردنەوەی دین و سیاسەتیان دەکرد. لەسەرووی هەموویانەوە ئایەتوڵاخومەینی تەنانەت پێش پەسەندکردنی دەستووریش، نەیشاردەوە کە کەسانێک لەگەڵ جیاکردنەوەی ئیسلام و سیاسەت، جیایی سیاسەت و پیاوانی ئاینین، یاخود لایەنگری ئیسلامێکن بەبێ پیاوی ئاینی و ئازادیی ڕەها "لەدەرەوەی سنووری ئیسلامەوەن، خائینن". تەنانەت کەسایەتیە موسڵمانە مەزهەبییەکانیش کە خوازیاری "کۆمارێکی دیموکراتی ئیسلامی" بوون (وەک مەهدی بازرگان) خستنیە ڕیزی دوژمنانی شۆڕشەوە، لەکاتێکدا بازرگان خۆی یەکەم سەرۆکوەزیری شۆڕش بوو! خومەینی و یاوەرانی وردەوردە جادەیان تەخت دەکرد تا دەستورێکی ئیسلامی لەڕێگەی چەسپاندنی ویلایەتی فەقیهەوە بسەپێنن، ئەو لە کۆبوونەوە و دیدارەکانیدا داوای دەستوورێکی ئیسلامی بۆ وڵات دەکرد. هەربۆیە شارەزایانی بیانی و ئەزموونی وڵاتانی بۆ داڕشتنی دەستووری بە پێویست نەدەزانی و لە بەیانێکیدا ڕوونی کردەوە کە "ڕۆحانییە ڕەسەن و ئیسلامناسەکان!" و هەندێ کەسایەتی ئاشنا بە ئیسلام بەسن بۆ ئەم ئەرکە. بەمەش ئەندازە و چوارچێوەی ئەندامێتی بۆ

ئەنجوومەنی شارەزایان دارِشت و تایبەتمەندێتی ئەندامەکانی دیاری کرد کە دەبێت پیاوانی ئاینی شیعە بن. هەربۆیە ئایەتوڵا گولپایەگانی ڕاشکاوانە وتی گەر حکومەتێکی پشتبەستوو بە سیستەمی ئیمامەت و ویلایەتی فەقیە لە دەستووردا ڕۆشن نەکرێتەوە دەوڵەتێک "لەسەر بنەمای ستەم و ستەمکاری دادەمەزرێت"، هەر واش دەرچوو، ئەڵبەت بە ئیزافەکردنی بەشی دووەمی قسەکەی گولپایەگانیشەوە کە هەم ئیسلامی دەرچوو هەم حکومەتێکی جیاکار و پڕلە ستەم و تەمیزی مەزهەبی و نەتەوەیی.

**"بۆ ڕێبەر نەژاد و شوناسی نیشتمانی گرنگ نییە و مەرج نییە ئێرانی بێت یەکجار و تا مردن لە لایەن ئەنجوومەنی شارەزایانەوە دیاری دەکرێت"**

پاش ریفراندۆمی ساڵی ۱۹۷۹و بە ئیسلامیزەکردنی دەسەڵات، بە پەیجووری و هەنگاو و ڕێنماییەکانی خومەینی، دەستکرا بە ئامادەکردنی پرۆژەی دەستووری ئێران، ئەنجومەنی شارەزایان بۆ ئەم ئەرکە دەستیبیان بە کارەکانیان کرد، کە لە پیاوانی ئاینی پێکدەهات و تەنانەت وابەستەیی خۆشی بە شورای شۆڕشەوە کە پاش شۆڕشی ۱۹۷۹ دروست ببوو، ڕەتکردەوە و نەچووە ژێرباری. سەرەتا بەهۆی ڕەخنەی زۆرەوە هیچ مادەیەک سەبارەت بە ویلایەتی فەقیهی و ڕێبەری دانەنرا بوو، بەڵام پاش ڕوونبوونەوەی هەڵوێستی تەبا و نەیارانی، سەرئەنجام لە لە ۲۱ - ٦ - ۱۳۵۸دا بەندی پێنجەمی دەستوور ئیزافەکرا، کە تایبەتە بە ویلایەتی فەقیە و پایەکەی لە سیستەمی سیاسییدا و ئەنجوومەنی شارەزایانیش پەسەندیان کرد. پاشتریش وەک دەستوور جێگیر کرا.(ناکۆکی و هەڵوێستی ناڕازییان کە کەم نەبوون لەو دەمەدا لێرەدا باسیان ناکەین چونکە لەدەرەوەی باسەکەی ئێمەیە و ئاوی زۆریش دەکێشێت).

بەڵام لە دیدی خومەینیدا، هەموو فوقەها و موجتەهیدەکان لە سەردەمی غەیبەتدا (ونبوونی مەهدی تا دەرکەوتنەوەدا) لەلایەن "ئیمامە مەعسومەکانەوە" ڕاسپێردراون کە ئەرکی ولایەت بەڕێ بکەن، ئەگەر یەکێک لەو موجتەهیدانە دەوڵەتی پێکهێنا و خەڵک ئەویان پەسەندکرد، ویلایەتەکەی ئەو زیاتر لەوانی دیکە (کە لەچوارچێوەی ئەرکی مەزهەبیدا کاردەکەن) لە بالقوەوە دەبێتە بالفعل، ئەوکات دەتوانێت لە هەموو ئەو کاروبارانەدا کە ئیمامی مەعسووم دەسەڵاتی تێیاندا هەیە، ئەویش دەسەڵاتەکانی وی بەکاربەرێت تەنها هەندێ لەو کاروبارە تایبەتانە نەبێت کە تایبەتە ئیمامەتی ئیمامەکەوە. بە مانایەکی دیکە مادام لە ئێراندا موجتەهیدە ئاینییەکان توانیوویانە دەوڵەتێک لە میانەی شۆڕشەوە پێکبهێنن پلەیان لەسەرجەم موجتەهیدەکانی دیکە بەرزترە و نوێنەری ئیمام مەهدین و دەسەڵاتەکانی ئەو پیادە دەکەن تا زەمانی دەرکەوتنی، ئەوەدەم دەسەڵاتەکان دەسپێرنە ئەو (باوەڕیشیان وایە مەهدی پەیوەندی بە خوداوەندەوە هەیە و

لەویشەوە بۆ مەرجەع و وەلی فەقیە).

خومەینی تیۆریای خۆی لە ویلایەتی فەقیهدا بەمشێوەیە بەڵگاندنی بۆ دەکرد و چەسپاندیشی: دەوڵەت لقێکە لە ویلایەتی ڕەهای پێغەمبەر(د)، دەوڵەت لە حوکمە سەرەتاییەکانی ئیسلامە، دەوڵەت لە گرنگترینی حوکمە ئیلاهییەکانە، پێشەنگی بۆ حوکمی ڕێبەرایەتی و وەلییە پێش هەر حوکمێکی دیکەیە.

"موتڵق بوونی ولایەت لە فیقهی مەزهەبی و سیاسیی شیعەدا یەکلاکردنەوەی حوکمە پێکداچوو و ناڕوونەکان و جێگە خیلافەکانە"

## مەرج و دەسەڵاتەکانی ڕێبەری باڵا

ڕێبەری باڵا لە سیستەمی سیاسیی ئێراندا، باڵاترین دەسەڵاتی فەرمییە، باسکرا کە سەرچاوەی دەسەڵاتەکانی لە تیۆرەی ویلایەتی فەقیهەوە سەرچاوەیان گرتووە. هەروەک لە مادەی(٥)ی دەستووردا هاتووە: لە زەمانی غیابی وەلی عەسردا (مەهدی)، لە ئێراندا ویلایەتی ئەمر و ئیمامەتی میللەت لەئەستۆی شارەزایەکی دادوەر و پارێزکار(لەڕووی ئاینییەوە)، ئاگادار بە سەردەم، بوێر، بەڕێوەبەر و کاربەڕێکەرە، کە بەپێی ماددەی ٨ی دەستوور ئەو ئەرکە لە ئەستۆ دەگرێت.(بەندی ٥)

بەمشێوەیە ڕێبەری باڵا دەسەڵاتەکانی دەستووری کراون و ئەرکی دیاریکردنی ئەو کەسەش بۆ ڕێبەری، لە ئەستۆی ئەنجوومەنی شارەزایانە، کە دیسان ئەوانیش لە پیاوانی شارەزای مەزهەبی شیعە پێکهاتوون و ڕێبەر دەسەڵاتی ڕەها وەردەگرێت.(مادەی ١٠٧)

مەرج و تایبەتمەندییەکانی ڕێبەریش لە بەندی ١٠٩دا هاتووە: توانای زانستی پێویستی بۆ فەتوای هەبێت لە بوارە جیاوازەکانی فیقهی ئیسلامیدا، ٢ عەدالەت و تەقوای پێویست بۆ ڕێبەریکردنی ئومەتی ئیسلام، دیدگایەکی دروستی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بەڕێوەبەرێتی، بوێری و توانای پێویست بۆ ڕێبەری.(مادەی ١٠٩)

بەپێی بەندی ١٥٧ی دەستووریش هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان، دادوەری و جێبەجێکردن لەژێر ڕکێفی دەسەڵاتی ویلایەتی

فەقیهدان.

## دەسەڵاتەکانی ڕێبەر:

١- دیاریکردنی سیاسەتە گشتییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران.

٢- چاودێری بەسەر جێبەجێکردنی سیاسەتە گشتییەکانەوە.

٣- دەرکردنی بڕیاری ڕاپرسی.

٤- فەرماندەی باڵای هەموو هێزە چەکدارەکان.

٥- ڕاگەیاندنی جەنگ و ئاشتی و ئامادەسازیی هێزەکان.

٦- دانان و لادان و قبوڵکردنی دەستلەکارکێشانەوەی: ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەزایان، سەرۆکی دەزگای میدیایی وڵات، سەرۆکی دەستە هاوبەشەکان، فەرماندەی گشتی سوپای پاسداران، فەرماندە باڵاکانی هێزە چەکدار و پۆلیسییەکان.

٧- چارەسەری ناکۆکی نێوان دەسەڵاتەکان.

٨- چارەسەری ئەو کێشانەی کە بەڕێگەی ئاسایی چارەسەر ناکرێن، لە ڕێگەی کۆڕبەندی باڵای دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی ڕژێمەوە چارەیان دەکات.

٩- متمانەدان و واژۆکردنی دەستبەکاربوونی سەرۆککۆمار پاش هەڵبژاردنی.

١٠- لادانی سەرۆککۆمار،

١١- لێبووردنی تاوانباران بەپێی بنەما ئیسلامییەکان. هەروەها ڕێبەر دەتوانێت هەندێک لە دەسەڵاتەکانی خۆی ببەخشێتە کەسانی دیکە. سەرچاوەی دارایشی دەتوانێت سوود لە پێنجیەکی(خمس) وەربگرێت کە لە موسڵمانانی شیعەمەزهەب وەردەگیرێت.

بۆ ڕێبەر نەژاد و شوناسی نیشتمانی گرنگ نییە و مەرج نییە ئێرانی بێت، هەروەها یەکجار و تا مردن لەلایەن ئەنجوومەنی شارەزایانەوە دیاری دەکرێت، بەڵام ماوە و خولی نییە و لەیەک حاڵەتدا پۆست ڕادەست دەکات ئەویش بە مردن یاخود بە دەرکەوتنی مەهدی ئەوکات ڕادەستی ئەوی دەکات، لە هەندێک حاڵەتی تایبەتیشدا باس لە لەکارخستن یان لادانی کراوە، مادەی ١١١ حاڵەتەکانی لادانی ڕێبەری بەستووەتەوە بەوەوە کە ئەگەر ڕێبەر یەکێک لە لێهاتووییەکانی ماددەکانی ٥ و ١٠٩ی لەدەست دا، یاخود پاشتر دەرکەوت کە هەندێ بڕگەی پێویستی لە بنچینەدا نەبووە، ئەوا لە پۆستەکەی لادەدرێت. یەکلاکردنەوەی ئەم پرسەش بە گوێرەی ماددەی ١٠٨ دەبێت و لە ئەستۆی ئەنجوومەنی شارەزایان دەبێت. لە حاڵەتی مردن یاخود دەستلەکارکێشانەوە یان لادانی، ئەنجوومەنی شارەزایان ئەرکیانە لە نزیکترین کاتدا

ڕێکارەکانی دەستنیشانکردنی ڕێبەری نوێ بگرنەبەر. تا ئەوکاتەی ڕێبەریش دیاریی دەکرێت شورایەک (دەستەیەکی سێ کەسی) هەموو دەسەڵاتەکانی ڕێبەر مومارەسە دەکەن، کە لە هەریەک لە سەرکۆمار، سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەریی و یەکێک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەزایان کە لەلایەن کۆڕبەندی بەرژەوەندییەکانی ڕژێمەوە دیاریی دەکرێت، پێکدێت. بەڵام ئەم شورایە سەبارەت بە بەکارهێنانی دەسەڵات و کارەکانی ماددەکانی ١،٣،٥،١٠ و بڕگەکانی (د،ه، و و-ی ماددەی خاڵی ٦ی ماددەی ١١٠ی دەستور، دەبێت سێ لەسەرچواری دەنگی ئەندامانی کۆڕبەندی بەرژەوەندییەکانی ڕژێم بەدەست بهێنێت.

"ڕێبەری باڵا دەسەڵاتەکانی دەستووری کراون و ئەرکی دیاریکردنی ئەو کەسەش بۆ ڕێبەری، لە ئەستۆی ئەنجوومەنی شارەزایانە"

هەرکاتێکیش ڕێبەر بەهۆی نەخۆشی یان ڕووداوێکەوە، نەیتوانی کارەکانی ئەنجام بدات، دیسانەوە بە شێوەی کاتی لەو ماوەیەدا ئەو شورایەی ئاماژەی پێدرا، ئەرکەکانی وەئەستۆ دەگرێت.

## دەزگاکانی وابەستە بە ڕێبەری باڵاوە

چەندین دەزگای گرنگ و هەستیار و بڕیاربەدەست لەژێر هەژموون و فەرمانی ڕێبەردان و لەڕێگەی ئەوەوە بەرپرسەکانی دیاریی دەکرێن، جیا لەوانەش دەزگای هەواڵگریی تایبەت بە خۆی هەیە و جیایە لە وەزارەتی ئیتلاعات و هەروەها مەکتەبی بانگەوازی باڵای هەیە کە دەسەڵاتێکی ئاینی فراوانی هەیە و سەرجەم وتاربێژەکانی هەینیانی سەرانسەری وڵات نوێنەرایەتی ڕێبەر دەکەن.

لەمانەش زیاتر چەندین دامەزراوەی دەوڵەتی هەیە کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەژێر فەرمانی ڕێبەردان، لەوانە: کۆڕبەندی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی ڕژێم(دەبێت بڕیارەکانی پەسەندکراوی ڕێبەر بن و حکومی یاساییان هەیە)، ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی( پێویستە بڕیارەکانی پەسەندکراوی ڕێبەر بن)، سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری و شورای پاسەوانیش دیسانەوە ڕاستەوخۆ لەژێر ڕکێفیدان.

هەروەها دەزگاکانی میدیایی دەنگی و ڕەنگیی نیشتمانی(صدا و سیما)ی سەرانسەری وڵات لەژێر دەسەڵاتیدان و سەرۆکی دەزگاکەش دیارییکراوی ڕێبەرە. جیا لەمانەش فەرماندەکانی هێزە چەکدارەکان لەدەزگای بەرگریی و سەربازیدا هەر ڕێبەر دیارییان دەکات.

بەمشێوەیە دەردەکەوێت کە ڕێبەری باڵای کۆمار و دەزگاکەی(بەیتی ڕیبەری) چەندین دەسەڵاتی فروان و ڕەهای لەدەستدا کۆبووەتەوە، لەوانەش: دەسەڵاتێکی ئاینی فراوان و پەیوەست بە ئیمامانی مەعسوم و مەهدییەوە (وەک مافێکی خوایی)، دەسەڵاتێکی فراوانی دەستووری و یاسایی(سیاسی و دنیایی)، بێسنووریی لەڕووی کاتەوە بۆ مانەوەی لەدەسەڵات(ڕەهایی ماوەی حوکمکردن)، دەستکراوەیی لە بەکارهێنانی سەرچاوەی دارایی و دەزگا دەوڵەتییەکان بۆ ئەجێندای خۆیی و ئامانجەکانی، لەسەروو ئەمانەشەوە دەسەڵاتێکی سەروو ئێرانی هەیە، هەم لە شوناسی نەژادی کە مەرج نییە ئێرانی بێت و هەم هەق دان بە ڕێبەر کە ڕێبەری ئومەتی ئیسلامییە نەک ئێرانی، هەر ئەمەش وای کردووە کە ڕێگری و بەرەنگاربوونەوە و ڕەخنەلێگرتنی جۆرێک لە تابۆ و قەدەغەکراوە و بکەری ئەو کارەش هەم لێپێچینەوەی یاسایی بەدوای خۆیدا دێنێت هەم دەکەوێتە بەر هەژموونی هەڕەشەی چەندین دەزگا و دامەزراوەی دەوڵەتی و ئاینییەوە و بەلادەری دینی و نیشتمانیش لەقەڵەم دەدرێت، بۆیە لە خۆڕا نییە ئەوانەی لەناوخۆی ئێراندان و لە پرۆسەی سیاسییدان بە ڕیفۆرمیست و توندئاژۆوە، سەرجەم ڕەخنە و هێرشەکانیان لەخوار ڕێبەرەوەن و هیچکات تیری ڕەخنەکانیان ڕووناکەنە ئەو، گەر بیانەوێت لە نێو پرۆسەی سیاسییدا بمێننەوە.

١١ - ٥ - ٢٠٢١

## سێ هەڵبژاردنەکەی ٢٠٢١ی ئێران؛ ئامار و تێبینیی گشتی

(٥)

### ئامارە گشتییەکان

ئێرانییەکان ڕۆژی ١٨ی حوزەیرانی ٢٠٢١، لەبەردەم سێ هەڵبژاردندان(سەرۆکایەتی، نێوخولی ئەنجوومەنی شارەزایان و ئەنجوومەنە شاری و دێهاتییەکان)، کۆی گشتیی دانیشتوانی ئێران بەنزیکەیی هەشتاوچوارملیۆن و سێسەدودەهەزارە (٨٤،٣١٠،٠٠٠)، پەنجاونۆملیۆن و سێسەدودەهەزار و سێسەدحەوتهەزار(٥٩،٣١٠،٣٠٧) مافی دەنگدانییان هەیە، ملیۆنێک و سێسەدونەوەدودووهەزار و سەدوچلوهەشت کەس(١،٣٩٢،١٤٨) یەکەمین جاریانە دەنگ دەدەن. شاری تاران بە نۆملیۆن و هەشتسەدهەزار دەنگدەر(٩،٨٠٠،٠٠٠) دەبێتە یەکەمین شاری ئێران کە زۆرترین کەس مافی دەنگدانی هەیە.

(بۆ زانیاری زیاتر لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار و دەسەڵات و پێگەکەی بڕوانە: دۆسیێ دەرەومیدیا، ئێراننامە(١)).
بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار، ماوەی پێنج (٥)ڕۆژ مۆڵەت دەدرێتە ئێرانییەکان (ئەڵبەت بەپێی مەرجە ئیسلامیزەکراوەکانی دەستوور و ڕێنماییەکانی شورای پاسەوان) خۆیان بپاڵێون بۆ سەرۆکایەتی کۆمار، (بۆ ٢٠٢١، ١١ - ١٥ی ئایار بوو)، پێنج ڕۆژی دوای ئەوە (١٦ تا ٢٠ی ئایار) شورای پاسەوان خۆپاڵێوەکان هەڵدەسەنگێنێت و دوا کاندیدەکانی سەرۆکایەتی ڕادەگەیەنێت و وەک نەریتێکی کاری ئەم شورایە زۆرینەیەیان ڕەتدەکرێنەوە(بڕوانە # ئێراننامە کانی یەک و سێ لە دۆسیێ درەو میدیا)، پاش ئەوەش پێنج ڕۆژی دیکە مۆڵەت دەدرێتەوە بەو کەسانەی خۆیان کاندید کردووە و ڕەتکراونەتەوە تا پەڵپی(اعتراض) خۆیان پێشکەش بکەن و بەدواداچوون بۆ ڕەتکردنەوەیان بکەن. ٢٦ی ئایاریش دوایین کاندیدی پەسەندکراوی شورای پاسەوان ڕادەگەیەنرێت بۆ ئەوەی بچنە کێبەرکێی هەڵبژاردنەوە.

بۆ ئەم هەڵبژاردنەش، ٥٩٢ کەس خۆیان کاندید کردووە و چاوەڕوانی دوابڕیاری شورای پاسەوانن تا دڵنیایان بکاتەوە لەوەی پەسەندن بچنە ململانێوە یان نەخێر. لەنێو ئەمانەدا، ٢٧٢ کەسیان هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس و بەرەوخوار بوون، ٣٢٠یان هەڵگری ماستەر و بەرەو سەر بوون. ٨٩یان تەمەنیان خوار ٤٠ ساڵ بوون و ٤٩٥ یان ٤٠ - ٧٥ساڵ بوون و ٨ کەسیشیان لەسەروو ٧٥ ساڵەوەن.

هەڵمەتی هەڵبژاردن بۆ هەڵبژاردنی ٢٠٢١ تەنها ٢٠ ڕۆژە و لە ٢٨ی ئایار تا ١٦ی حوزەیران درێژە دەکێشێت و ڕۆژی ١٨ی حوزەیرانی ٢٠٢١ هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت و ٣ی ئابی ٢٠٢١ سەرۆکی نوێی وڵات دەستبەکار دەبێت. بەمەش دەبێتە سێزدەیەمین خولی هەڵبژاردنی ئەم پۆستەیە لە مێژووی ئێراندا.

بۆ هەڵبژاردنی نێوخولیی ئەنجومەنی شارەزایان، ٦ کورسیی پڕنەکراوە لە چوار پارێزگای ئێراندا هەیە(تاران، خۆراسان، قوم و مازندەران)، ٨٨ کەس لە شارەزایانی ئاینی خۆیان پاڵاوتووە. ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەزایان، بە ئەندامێتیەکی گرنگی نێو سیستەمی سیاسیی ئێران دادەنرێت، چونکە ڕۆڵیان دەبێت لە هەڵبژاردنی ڕێبەری باڵای ئێراندا کە یەکەمین و باڵاترین پۆستی وڵاتە و یەکجار هەڵدەبژێردرێت و ماوەی دیاریکراوی نییە. (بڕوانە # ئێراننامە(٤))

هەرچی هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکان(شوراکان)ی شار و دێهاتەکانە سەرانسەرییە، لەسەردەمی حکومەتی خاتەمی و لە ساڵانی نەوەدەکانەوە جێبەجێکرا، بۆ هەر شارێک ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراو دادەنرێت، ئەم خولە شەشەمینیەتی و هەر خولێکی چوارساڵە، ئەنجومەنی شارەوانی و سەرۆکشارەوانییەکان بەرهەمی ئەم هەڵبژاردنەن.

"لەڕووی سیاسییەوە دەنگی بایکۆتی هەڵبژاردن لە هەموو روویەکەوە بەرزترە هەم لە ئاستی خەڵکداو هەم لەئاستی ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی ئێرانیشدا"

## هەڕەشەی بایکۆت لەبەردەرگایە

لە خولی دوانزەیەمی پێشوودا ١٦٣٦کەس و خولی یانزەی پێشووتردا ٦٨٦ کەس، خۆیان کاندید کرد و ڕێژەی پەسەندکراوانیان لە پەنجەکانی دەست کەمتر بوون، بەراورد بە دوو هەڵبژاردنی خولەکانی پێشتر، کەمترین ڕێژەی خۆ تۆمارکردن بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی تۆمار کراوە(٥٩٢ کەس). ئەمەش بۆ چەند هۆکار دەگەڕێتەوە:

١- خراپی دۆخی گوزەران، گرانی و هەڵایسان، داکشانی نرخی دراوی ئێرانی بەرابەر دۆلار، دەستەپاچەیی کابینەی پێشوو لە چارەسەر و تێپەڕاندنی کێشەکان و نائومێدیی خەڵک لە هەڵبژاردن.

٢- لەڕووی سیاسییەوە دەنگی بایکۆتی هەڵبژاردن لە هەموو ڕوویەکەوە بەرزترە، هەم لە ئاستی خەڵکدا کە پێیان وایە، چیتر هەردوو تەوژمی توندئاژۆ و ڕیفۆرمیستەکان ناتوانن وەڵامدەرەوەی خواست و ئامانج و ئاسۆی ئێرانییەکان بن، هەروەها لەئاستی تەوژمە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی ئێرانیشدا، ساڵێک زیاترە هەڵمەتێکی ڕێکخراوی توندوتۆڵیان ڕێکخستووە و بانگەوازی بایکۆتی دەنگدان دەکەن. جیا لەوەش گوماندەکرێت بەشێکی زۆری ئەو حزب و لایەنانەی کاندیدەکانیان لە لایەن شورای پاسەوانەوە ڕەت دەکرێتەوە، بایکۆتی هەڵبژاردن بکەن و هەروەک پێشتریش کەسانی وەک ئەحمەدی نەژادی ئسوڵگەرای پێشین و مستەفا تاجزادەی ڕیفۆرمیست کشانەوەیان لە پرۆسەی هەڵبژاردن بە ئەگەرێک داناوە، بەمەش بەرەی بایکۆت زیاتر دەبێت.

٣- لەماوەی ٤ ساڵی ڕابردوودا، حکومەتی ئێران لانیکەم دوو خۆپیشاندانی گشتگیری ئێرانییەکانی بە ئاگر و ئاسن وەڵامدایەوە و لە دوایەمینی ٢٠١٩دا زیاتر لە ١٥٠٠ کەسیان لە خۆپیشاندەران لەسەر شەقامەکان خەڵتانی خوێن کرد و لەنێویان بردن.

٤- توندترکردنی ڕێکارەکانی خۆ کاندیدکردن لەلایەن شورای پاسەوانەوە، کە لیستە بڕیارێکی نوێی دەرکرد هەم لە ڕووی تەمەنەوە و هەم لەڕووی ئەزموونەوە خۆ کاندیدکردنی سنووردارتر کرد.

"توندترکردنی ڕێکارەکانی خۆ کاندیدکردن لە لایەن شورای پاسەوانەوە هەم لە ڕووی تەمەنەوە و هەم ڕووی ئەزموونەوە خۆ کاندیدکردنی سنووردارتر کرد"

## تێبینەیە گشتییەکان

١- لە دیدی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە و بەتایبەت خودی ڕێبەری باڵا(خامینەیی)، بەشدارییکردنی هاوڵاتیان سەنگی مەحەکە و گرەوی لەسەر دەکات تا زۆرترین ڕێژەی بەشداری تۆمار بکرێت، ئەوان ئەم هەڵبژاردنە بە ڕیفراندۆمێکی ڕانەگەیەنراو، مەسەلەی ڕەوایەتی و نارەوایەتی کۆمار، باوەڕ و بێباوەڕی دەچوێنن، ئەمەش وەک بەرەنگاربوونەوەی ئەو یەخانگیرییەی ئۆپۆزسیۆنی وڵاتە کە سیستەمی سیاسیی دەوڵەت دەباتە ژێر پرسیارەوە و پێیوایە ئەم سیستەمە نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵک نییە و دەنگدانیش یارییەکی ئەنجامزانراویی نێو سەرانی دەسەڵاتە نەک زیاتر. بەکورتی لای یار و نەیاری ئەم هەڵبژاردنە، پرۆسەکە بەهۆی بەشداری و بایکۆتەوە، جەنگی کۆماری ئیسلامییخوازی و نەیارانییەتی و هەردوولا لە گرەوێکی ڕانەگەیەنراودان.

٢- لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ٢٠٢١ی ئێراندا، زۆرینەی کاندیدەکان، ئەو بەرپرسانەن کە لەچینی سەرەوەی بڕیاری سیاسییدا بوون یان لەو نوخبەیە بوون کە پۆستی باڵایان مومارەسە کردووە و بەشێک بوون لە بڕیاری سیاسیی نێودەوڵەت. سەیرتر لەوەدایە، بەشێکی زۆری کاندیدەکان، لە چوار ساڵی ڕابردوودا، زۆرترین ڕەخنەیان لە پۆستی سەرکۆماریی گرتووە و پێیانوابووە بڕیار لای ڕێبەر و یاوەرانییەتی و سەرکۆمار بێدەسەڵاتە و نوێنەری ڕاستەقینە نییە و پۆستێکی "هیچ"ە، بەڵام ئێستا ئەوانە خۆیان بۆ پۆستێکی "هیچ" پاڵاوتووە.

٤- لە لیستی ناوی کاندیدەکانەوە دەردەکەوێت، کە ململانێی هەڵبژاردن لە نێو سەرانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندایە لە بازنەیەکی بچووکدا، کە دابەشبوون بەسەر سوپایی (قاسمی، سەعید و ڕەزایی)، ئسوڵگەرا (ئیبراهیم ڕەئیسی، جەلیلی)میانڕەوی ئسوڵگەرا (لاریجانی و موتەهەری)، دژەجەمسەرگیری (ئەحمەدی نەژاد)، ڕیفۆرمخواز (تاجزادە) و سیاسییەبەرژەوەندیگەراکان (موحسین هاشمی ڕەفسەنجانی و جەهانگیری)دا. ئەمانە لەو ڕوخسارە دیار و دووبارانەن کە ٤١ساڵە لە پۆستەکانی نێو کۆماردان و ململانێیان هەیە بۆ ڕاکێشانی دەنگەکانی هاوڵاتیانی بەشداربووی هەڵبژاردنەکان.

"زۆرینەی کاندیدەکان، ئەو بەرپرسانەن کە لەچینی سەرەوەی بڕیاری سیاسییدا بوون یان لەو نوخبەیە بوون کە پۆستی باڵایان مومارەسە کردووە"

١٦ - ٥ - ٢٠٢١

## سوپا و سیاسەت، کاندیدانی سوپایی و سەرکۆماریێتی ئێران

٦

کەمتر لە مانگێکی ماوە بۆ هەڵبژاردنی سەرکۆمارێکی نوێ بۆ ئێران(١٨ی حوزەیران). سوپای ئەو وڵاتە جیا لە ئەرکە سەربازییەکەی دەستی باڵاشی هەیە لە ئابووریی وڵاتدا، کۆمپانیا زەبەلاحەکان لە خولگەی بەرژەوەندییەکانی سوپادا دەسوڕێتەوە، وا ئێستاش دەیەوێت لە دەسەڵاتی جێبەجێکردنیشدا پشکی هەبێت و ڕاشکاوانە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاندیدای هەڵبژاردنی سەرکۆماری خۆیان دەنوێنن و میدیا و نوخبەی نزیکیشیان، سەرکۆمارێکی سەربازی بە فریادڕەسی قۆناغ وەسف دەکەن.

چی وای کردووە سەرکۆمارێکی سەربازی، چاوەڕوانکراو بێت؟ هەل و ڕێگرییەکان چین بۆ هاتنی سەرکۆمرێکی سوپایی؟ هێشا یەکلانەبووەتەوە سیستمی سیاسیی ئێران، کام لەم مۆدێلەی سیاسیەکان لە سێ قەیرانەکە ڕزگاری دەکەن:

سەرکۆمارێکی سیاسیی دپلۆمات (بۆ ڕزگاربوون لە پەراوێزیی)، ئابووریناسێکی سیاسیی (بۆ ڕزگارکردنی ئابووریی قەیراناوی) یاخود سەرکۆمارێکی سەربازیی (گێڕانەوەی شکۆی ئێران!).

"سیاسەتی نینۆککردنی ئێران، دەنگی ناڕەزایی نێو لایەنگرانی گوتاری ڕادیکاڵی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانی، بەرز کردووتەوە"

### سەردەمی بایدن و چانسی سەربازییەکان

دۆخی سیاسیی ئێران لە پۆلێنی ڕەوتە سیاسییەکانیدا، پاش ناڕەزایەتییەکانی بزوتنەوەی سەوزی ئێران(٢٠٠٩)، حاڵەتێکی دوو جەمسەری وەرگرت، ئەم پۆلێنە وەک کۆتایی نەوەدەکان، دنیای سیاسەتوانانی ئێرانی دابەشنەکردووە بۆ ڕیفۆرمیست و بناژۆخواز، کە لە هەموو حاڵەتێکدا لە ئاستی دەرەوەدا تەبا بوون و وەک تەواوکار بۆ بەرژەوەندییە باڵاکانیان، سیاسەتی ئێرانیان لەگەڵ وڵاتاندا ئاراستە دەکرد، هەنووکە سەرەڕای مانەوەی ڕەوتە باوەکانی پێشتر، دوو جەمسەرەکە سیاسەتکردنیان لەسەر بنەمای دانوستان یان هەڵشاخانەوە بەرووی ئەمریکادایە، بەرەی یەکەم سوپایی و بەسیج و زۆرینەی پەرلەمانی ئێستا، کە لەگەڵ سەرکۆمارێکی سوپایی و توندکردنەوەی سیاسەتی ئێرانن بەرامبەر ڕۆژئاوا. بەرەی دووەم خۆی

لە ڕیفۆرمیستەکان، میانڕەوانی میراتگری ڕەفسەنجانی، بناژۆخوازە بەرژەوەندیگەرا و میانرەوەکان( وەک برایانی لاریجانی و موتەهەری و...تاد). ئەم دوو جەمسەرە سەرلەبەری ئەژمار و هەژموونی سیاسییان لەسەر دانوستاندن و دژەدانوستاندن لە نێوخۆ و دەرەوەدا ڕێکخستووەتەوە، بانگەشە و کاندیدانی پێشوەختەشیان هەر ئەم ئارگیومێنتەیان کردووەتە خاڵی یەکەم. سەردەمی ترەمپ سەردەمی زاڵکەرەوەی قسەی بەرەی یەکەم بوو. چونکە تاران بەوە گەیشتبوو کە مامەڵەی ژێرکاریی و دانوستاندن لەگەڵ کۆشکی سپیدا لەسەردەمی ئەودا مەحاڵە. هەر لەبەر ئەوەش بوو پرۆئێرانییەکان، لۆبیبە ژێربەژێرەکانی و وڵاتانی ئەوروپا نەیانتوانی وا لە واشنتۆن بکەن دەست لە فشار هەڵبگرێت، بۆیە گرەوی ئێران لەسەر کەوتنی ترەمپ و هاتنەوە سەرکاری دیموکراتەکان بوو.

وا گرەوەکەی بە هاتنەسەرکاری بایدن، بە ئەنجام گەیشت، بەڵام ململانێی نێوان بەرەی دژەبەرجام وهەوادارانی بەرجام (٥+١)، توندتر بووەتەوە.

"هێرشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل، گوتاری سەربازییەکانی ئیرانی بەهێز کردووە بۆیە باوەڕیک هەیە کە سیاسەتی کۆترەکان شکستی هێناوە و نۆرەی هەڵۆکانە"

## سوپاییانی توندئاژۆ، خۆیان بە پێویست دەزانن

نەیارانی دانوستاندنی ئێران و ڕۆژئاوا، کە باوەڕییان بە نمایشی توندەهێزی ئێرانە، بەشێکیان سەرکردەکانی سوپان، ئەوانەی کە کەم تا زۆر بە پێی بۆ لوان، سەرەنێزەی خۆیان لە سیاسەت هەر لەسەردەمی جەنگی هەشت ساڵەوە تا هەڕەشەکردن لە سەرکۆمارانی خاتەمی و ڕۆحانی لە سیاسەتی حکومەتی ئێران وەرداوە. سوپاییەکان دەیانەوێت وەک فریادڕەس خۆیان بنوێنن و بەبنبەستگەیشتنی هەوادارانی گفتوگۆ بقۆزنەوە، تا ئێستا زیاتر لە چەندین ڕوخساری سوپایی ئەگەری خۆکاندیکردنیان ڕاگەیاندووە (سەعید محەمەد، ڕۆستەم قاسمی، محسن ڕەزایی، عەلی شەمخانی و محەمەد باقر قالیباف، حسین دهقان، ..تاد) ئەزموونی خۆ کاندیدکردنی سەربازییان درێژ مەودایە و خۆیان تاقیکردووەتەوە، بەڵام ئەوەی ئەمجارە شانسی زێتر کردووەن، چەن فاکتەرێکن.

هۆکارەکانی خۆبە پێویستزانینی سوپاییەکان و دروستکردنی "کابینەی جەنگ"، لە هەڵبژاردنی ئاییندەدا، دەکرێت لە چەند خاڵێکدا کورت بکرێنەوە:

١- سیاسەتی نینۆککردنی ئێران، دەنگی نارەزایی نێو لایەنگرانی گوتاری رادیکاڵی شۆرشی ئیسلامی ئێرانی، بەرزکردووەتەوە و وەک مالیک شەریعەتی پەرلەمانتاری سوپایی دەڵێت جەنگی ئابووری دژەئێران زۆر پێچاوپێچترە لە جەنگی سەربازی، خوێن نارژێت باوک ناکوژێت، بەڵام غرووری باوکان دەکوژێت، بۆیە دەبێت کابینەی دادێ، "کابینەی جەنگ" بێت. موختار پور یەکێکی دیکە لە سوپاییە پەرلەمانتارەکان باوەری وایە تەنها رێگەی رزگاریی سەرکۆمارێکی سەربازییە. ئەم بەرەیە لەو باوەرەدان کە دۆخی وڵات سەرکۆمارێکی سەربازی پێویستە.

٢- هێرشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل، گوتاری سەربازییەکانی ئێرانی بەهێز کردووە، چونکە لەلایەک لەگەڵ ئەو هەموو سازشەی ئێران لە ٥+١دا، بەڵام ئەنجامەکەی سیاسەتەکانی ترمپ، کوشتنی سلێمانی و سنوردارکردنی ئێران لە عێراق و لوبنان و..تاد، تووندتربوونی سزاکان بوو، پەلامارەکانی ئیسرائیل لە سوریا بۆ سەر ئێران و پرۆکسییەکانی لێکەوتەوە. بۆیە باوەرێک هەیە کە سیاسەتی کۆترەکان شکستی هێناوە و نۆرەی هەڵۆکانە. سیاسەتەکانی ترمپ-یش بوارێکی بۆ گفتوگۆ نەهێشتەوە.

٣- ئەگەر گرەوی هەوادارانی دانوستان ئەوە بوویێت بە گەرانەوەی دیموکراتەکان، ئێران دۆخی ئابووری باشتر دەبێت، ئەوا دیدگایەکی پێچەوانەش هەیە و بایدن-یش نەیشاردەوە کە سەردەمەکەی سەردەمی ئۆباما نابێت و ناتوانێت بگەرێتەوە دواوە، ئاسانیش نییە بایدن سزا ئابوورییەکانی سەردەمی ترمپ هەڵبگرێت، گەر ئەم ئارگیومێنتە بتوانرێت لە ناو ژوورەکانی بریاری سیاسەتی دەرەوە جێی بکرێتەوە و رێبەری ئێران بهێنێتە قەناعەت، ئەوا چانسی سەربازییەکان زێدەتر دبێت.

٤- شانسێکی دیکەی برەوی سەرکۆمارێکی سەربازی، دۆخی نارەزایی و بایکۆتی رای گشتیی خەڵکە بەرامبەر هەڵبژاردنەکان لەلایەک و ئەو پاڵفتەکارییەی ئەنجومەنی پاراستنی دەستوور-ە کە ئەرکێکی رەتکردنەوە و پەسەندکردنی کاندیدەکانی سەرکۆمارە. لەم رووەوە تا رێژەی بایکۆت بەرزتر بێت چانسی سەربازییەکان زیاترە، ئەم ئەزموونە لە خولی یانزەیەمی پەرلەماندا تاقیکرایەوە، بەهۆی پاڵفتەکاری شوری پاسەوان و کەمی بەشداری خەڵکەوە، وایکرد پەرلەمانێکی توندئاژۆ و پایەسەربازی بێتەسەرکار.

**"شانسێکی دیکەی برەوی سەرکۆمارێکی سەربازی دۆخی نارەزایی و بایکۆتی رای گشتیی خەڵکە بەرامبەر هەڵبژاردنەکان"**

## سوپا و سیاسەت، قەدەگەکراوێکی پیادەکراو

ئایا سەرکۆمارەکانی دیکە ناسەربازی بوون؟ بێگومان نەخێر. هەرچەند رێبەری پێشووی ئێران (خومەینی)، چەندینجار بەشداریی سوپایی و دەسوەردانەکانی لە سیاسەتدا ناپەسەند داناوە، ئەو دەیووت: فەرماندەکان داخڵی هیچ حزب و گروپێکی سیاسی نەبن، ئەگەر سوپای پاسدار یان هەر هێزێکی سەربازی لە حزبایەتیدا کار بکات "پێویستە فاتیحەی ئەو سوپایە بخوێنرێت...جایز نییە... رژێمەکە دەکێشن بەیەکەدا... ئیسلام لاواز دەکەن..."، هەروەها دەیووت "هەڵبژاردنەکان کاری خۆیان دەکەن، چ پەیوەندییەکی بە سوپاوە هەیە... بۆ سوپا "دروست نییە"بچێتە ناو ئەم بابەتەوە.

دیارە ئەم رێنماییانەی رێبەر نەک کاری پێنەکرا، بەڵکو مەرەکەبەی سەرکاغەز مایەوە، بەڵکو زیاتر لەووش جەنگی ٨ساڵە ئەمەی تۆخکردەوە و لوتکەی دەسەڵاتیشیان وەرگرت. لە خودی رێبەری ئێستاوە، رەفسەنجانی، ئەحمەدی نەژاد، رۆحانی و لاریجانی...تاد. لە دەزگای سەربازییەوە داخڵی نێو سیاسەت بوون و پۆستەکانیان وەرگرت.

بۆیە ئارگیومێنتی ئەوەی کە سەربازییەک سەرکۆمار بێت، زیاتر لە جۆری گوتاردا جیاوازە گەرنا پاساوەکانی سەربازییبوون بۆ سەرکۆماریی پێشتر تاقیکراوەتەوە و شتێکی لە دۆخەکە نەگۆڕیووە، چونکە لە بنچینەدا سیاسەتی دەرەوە لەدەستی رێبەر و دەزگا ناهەڵبژێردراوەکاندایە، نەک حکومەت و وەزارەتی دەرەوە. گڵۆپی سەوزی هەر مامەڵەیەکی دەرەکی ئێران رێبەر هەڵیدەکات نەک سەرکۆمار، ئیتر چ ریفۆرمیست بێت یان بناژۆخواز. گەر لە شیرازەی سیاسیی ئێران و پێگەی سەرکۆماریش بڕوانرێت دیارە کە سیستەمێکی تێکەڵی سەرۆکایەتی، پارلەمانی و پابەندی مەزهەبییە، لە چەندین جومگەشدا سیستەمێکی تاکرەوی دینگەرایە و لوتکەی دەستەڵاتەکەی (رێبەر) بە پێی دەستووی ئێران دەستەڵاتی رەهای ناپابەندی هەیە لە هەمبەر پارلەمان و خەڵک و یاسادا.

> گڵۆپی سەوزی هەر مامەڵەیەکی دەرەکی ئێران رێبەر هەڵیدەکات نەک سەرکۆمار ئیتر چ ریفۆرمیست بێت یان بناژۆخواز"

٢٢ - ٥ - ٢٠٢١

## هەڵبژاردنێکی بێڕەنگ بۆ قۆناغێکی سەخت

### ٧

بە ئەنجامگیریی لە جۆرایەتی و یەکئاراستەیی حەوت کاندیدەکەدا، دەردەکەوێت هەڵبژاردنی ٢٠٢١ی ئێران، بۆ لایەنگرانی ڕژێم، بە ئامادەکاریی لەقەڵەم دەدرێت بۆ قۆناغی پاش خامینەیی و قۆناغی ڕاگوزەریی دیاریکردنی ڕێبەرێکی نوێ، تەمەن و نەخۆشی ڕێبەر لەلایەک، کۆنبوون و هەڵوەرینی هەوادارانی سفرەی شۆڕش، نەیارانی نێوخۆیی و دەرەکی و دۆخی سیاسیی-ئابووریی-سەربازیی ئێرانیش لەلایەکی دیکەوە، پێکەوە دەبنە پاکێجێکی هۆکاریی بۆ بیرکردنەوەی لایەنگرانی ویلایەتی فەقیە لە گواستنەوە و هێشتنەوە و پاراستنی بنەماکانی شۆڕش و دوورخستنەوەی لەو مەترسییە نێوخۆیی و دەرەکییانەی کە تاڕادەیەک وەک هەڕەشەی حەتمی یەخەی نوخبەی دەوڵەتی قوڵی ئێرانی گرتووە(ئەڵبەت بە بڕوای وان).

### لە بەشداریی خەڵکەوە بۆ فەرامۆشکردنی

پێشتر لەنێو سەرانی ڕژێمدا باوەڕ وابوو، هەڵبژاردنی ٢٠٢١ ڕیفراندەمی تازکردنەوەی وەلایە بۆ ویلایەتی فەقیە و هەرچۆنێک و بە هەر تێچوونێک بووە، پێویستە گەرموگوڕ و بەشدارییەکی کارای بێت زۆرینەی خەڵک بەشدار بن، خودی خامینەیی ئەم باوەڕەی چەند مانگێک لەمەوپێش نەشاردەوە و گرەوی لەسەر زۆری بەشداریی هاوڵاتیان کردەوە و دژی "ئەندازەییکردنی هەڵبژاردن" بوو، تەنانەت نوێنەرەکانی (وەک عەلەمولهودا) بەشدارینەکردنیان بە کافربوون لەقەڵەمدەدا. ئەڵبەت ئەوکاتە گرەوکردن لەسەردەنگی خەڵک بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە وا لەقەڵەم دەدرا ڕێژەی بەشداریی خەڵک زۆر کەم بێت و دەوڵەت ئاشتکردنەوەی خەڵک ئەولەوییەتی بێت.

دوواین هەڵبژاردنی پەرلەمان دەریخست کە ٣٥ - ٤٠%ی خەڵک بەشداری هەڵبژاردنی پێشووی پەرلەمانی کردووە، بەگوێرەی ئاماری ناوەندەکانی خودی ڕژێمیش بێت بەر لە هەنگاوەکەی شورای پاسەوان، ڕێژەی بەشداری خەڵک ٢٥% دەبێت. ئەمەش ڕێژەیەکی مەترسیدارە و دۆڵ و درزی نێوان نوخبەی شۆڕش و خەڵک ڕوون نمایش دەکات. سەرچاوەی ئەم نائومێدیەی خەڵک دەگەڕێتەوە بۆ: خراپی دۆخی ئابووری، بایکۆتی حزبەنەیارەکان(چەکدار و بێچەک)، بایکۆتی زۆرینەی خەڵکی پێکهاتە غەیرە فارسەکان(کورد و عەرەب و بەلوچ)، بێزاری باڵێکی ڕیفۆرمیستەکان بەهۆی سزادانیان و ڕەتکردنەوەیان لە هەڵبژاردنەکانی ١٠ساڵی ڕابردوودا و لە هەمووی زیاتر سەرکوتکردنی خوێنینی دوو خۆپیشاندنانی

دووساڵی رابردوو، زیاتر خەڵکی لە سندووقەکان ساردتر کردەوە. بۆیە سەرانی ڕژێم وەک ڕیفراندەمێک سەیری هەڵبژاردنیان دەکرد نەک ئەوەی کێ بیباتەوە.

بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان و پرۆسەی فیلتەرین نەک بەشداریی دەنگدانی گەرموگوڕ نەکرد بەڵکو نیوەی ئسوڵگەراکانیشی لە دەنگدان ساردکردەوە، هەر زووش خودی خامینەیی کەوتە بەرگری لە بڕیاری شورای پاسەوان و پرۆسەی لادانی کێبڕکێکارە ڕاستەقینەکانی وەک نەژاد، لاریجانی، تاجزادە و جەهانگیری بەڕاست لە قەڵەم دا. وتەبێژی شورای پاسەوان و نوێنەرانی خامینەیی لە وتارەکانی هەینیدا دیسانەوە نەیانشاردەوە کە دەنگدانی خەڵک گرنگ نییە و هێشتنەوە و پایەداری ئامانجی ڕژێم گرنگترە لە ڕێژەی بەشداربوون. دیارە ئەمەش ڕێک پێچەوانەی ئەو قسەباوەی یەکەمین ڕێبەری شۆڕشە (خومەینی) کە وتی "پێوەر دەنگی خەڵکە" و ئەم وتەیەشی تا هەنووکەش بووەتە تابلۆی شۆڕش و دروشمی لیژنەی سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنەکانە. بەڵام دیارە خەڵک ئێستا تەنها مەحرەمەکانی نێودەسەڵاتن نەک هاوڵاتییان بەگشتی.

"پێشتر لەنێو سەرانی ڕژێمدا باوەڕ وابوو، هەڵبژاردنی ٢٠٢١ ڕیفراندەمی تازکردنەوەی وەلایە بۆ ویلایەتی فەقیە"

## ڕێبەری ئاییندە یان گوزەرانی ئێرانییەکان

پرسیار لێرەدا ئەوەیە چی وای کرد، خامینەیی و توندئاژۆکانی نێوشۆڕش گرنگی بەشداریی خەڵک وەلابنێن و هەڵبژاردن بەجۆرێک دیزاین بکەن کە دەرچەکەی تەنها براوە ئیبراهیم ڕەئیسی بێت.
بیرکردنەوە لە ڕووداوە خێراکان و دۆخی نێوچەکە و ئاییندەی کۆماری ئیسلامی ئێران، نوخبەی مەزهەبی شۆڕش (وەک پارێزەری باوەڕی شۆڕش)و سوپا (وەک پارێزەر و توندەهێزی بەرگری لە شۆڕش)ی خستە بەردەم دوو سیناریۆ:

١- ئامادەکاریی بۆ قۆناغی پاش خامینەیی و دیاریکردنی ڕێبەری نوێ، چونکە تەمەن(٧٩ساڵ) و نەخۆشی و نەبوونی بەدیلێکی کاریزماتیک کە جێگەی خامینەیی بگرێتەوە، بووەتە جۆرێک لە هەڕەشە لەسەر میراتگرانی شۆڕش.

٢- ئاشتکردنەوەی خەڵک و چاوپۆشی لەوەی سەرکۆمار بەدڵی ئامانجگەراکان و سوپاییەکان نەبێت. لانیکەم کەسێکی نێوشۆڕش بێت لە میانەڕەو و ڕیفۆرمیستەکان.

گەر لێدوانەکانی هەفتەی ڕابردووی خامینەیی، شورای پاسەوان، هەندێک بەرپرسی باڵای توندئاژۆ وەربگرین، دەردەکەوێت، ژووری بڕیاری سیاسیی و خودی ڕێبەرایەتی ئێران، سیناریۆی یەکەمی هەڵبژاردووە و بەلایەوە گرنگە کە ئێستا ئایندەی شۆڕش و خۆییکردنەوەی پۆستی سەرکۆمار و زامنکردنی ڕێبەری ئایندە بکەنە ئامانج نەک دۆخی قەیرانی سیاسیی، ئابووریی و لێکترازانی نێوخۆیی کۆمەڵگەی ئێران.

پرسیار ئەوەیە، ئایا کەسێتیی سەرکۆمار بۆچی لە پرۆسەی جێگرەوەی خامینەیی و ئایندەی پارێزگاریی بنەماکانی شۆڕشدا گرنگە؟

چونکە لە حاڵەتی مردن یاخود دەستلەکارکێشانەوە یان لادانی ڕێبەردا، تا ئەوکاتەی ڕێبەر دیاریی دەکرێت شورایەک (دەستەیەکی سێ کەسی) هەموو دەسەڵاتەکانی ڕێبەر مومارەسە دەکات، کە لە هەریەک لە سەرکۆمار، سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەریی و یەکێک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەزایان کە لەلایەن کۆڕبەندی بەرژەوەندییەکانی ڕژێمەوە دیاریی دەکرێت، پێکدێت و دەسەڵاتەکانی ڕێبەر بەپێی دەستوور مومارەسە دەکات. هەرکاتێکیش ڕێبەر بەهۆی نەخۆشی یان ڕووداوێکەوە، نەیتوانی کارەکانی ئەنجام بدات، دیسانەوە بە شێوەی کاتی لەو ماوەیەدا ئەو شورایەی ئاماژەی پێدرا، ئەرکەکانی وەئەستۆ دەگرێت.(بڕوانە: ئێراننامە ٤ ، دۆسێی تایبەتی دەروومیدیا)

**"چوار ساڵی ئایندە، دوور نییە یەکێک لە پایەکانی جێگرەوەی ڕێبەر سەرکۆماری ئێران بێت"**

بەم پێیە بێت، چوار ساڵی ئایندە، دوور نییە یەکێک لەپایەکانی جێگرەوەی ڕێبەر، سەرکۆماری ئێران بێت، لەم حاڵەتەدا ناکرێت کەسێک بێت لەنێو مەحرەم و باوەڕدارەکان بە بنەماکانی توندئاژۆکانی نێوشۆڕش نەبێت و وەلای بۆ خامینەیی ڕەها نەبێت.

گەر دیققەتیش بدەین لەو سێ دەزگایەی ئەرکی بەڕێکردنی کارەکانی ڕێبەر لە نەبوونیدا ڕادەپەڕێنن، تەنها سەرۆکایەتی کۆمار ماوە بەدڵی بەیتی ڕێبەری نەبێت (چونکە ڕۆحانی زۆرتر بەرهەمی هاوپەیمانێتیی ناچاریی بەرژەوەندیگەراکان+ موحافیزکارە میانڕەوەکان و ڕیفۆرمیستەکان بوو). دووساڵی ڕابردوو بەهۆی فلتەرکردنی کاندیدەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانەوە، توندئاژۆکان ئەوییان لەدەستی ڕیفۆرمیست و میانڕەوەکان دەرهێنا، ئەنجوومەنی شارەزایانیش دەمێکە وەلایەکی موتڵەقی بۆ ڕێبەرایەتی و توندئاژۆکان یەکلاکردووەتەوە. ئێستاش بەم دیزاین و ئەندازەکردنەی هەڵبژاردنەکانی

سەرۆکایەتی، دیارە ئەویش یەکلادەبێتەوە بۆ ئیبراهیم رەئیسی کە هەم جێگری ئەنجومەنی شارەزایانە و سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەریی هەنووکەیی، هەم پۆستی سەرۆککۆماریش لەبەرژەوەندی توندئاژۆکان وەردەگرێتەوە.

بەم پێیە بێت، لە کۆی کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی دەسەڵات لە ئێراندا: سەرۆکایەتی کۆمار، پەرلەمان، دادوەریی، ئەنجوومەنی شارەزایان، شورای پاسەوان، سوپا، میدیای دەوڵەت و...تاد بە یەک هارمۆنی و یەک ڕەوت لە مانگی داهاتووەوە کۆرسێکی هەماهەنگ بۆ بەڕێوەبردنی وڵات پێکدەهێن و دیاریکردنی ڕێبەری ئایندەش دژوار نابێت، کە یار و نەیاری نێوخۆیی و دەرەکی گرەوی لەسەر دەکەن و پەیوەستی دەکەنەوە بە مان و نەمانی شۆڕشەوە.

لەبەر ئەو فاکتانەی باس کران، ئەوەبوو سەرچاوەی ئەو بارگۆڕانە لە دیدگای نوخبەی دەسەڵاتی ئێراندا، لە زۆری بەشدارییکرنی خەڵکەوە بۆ فەرامۆشکردنی خەڵک و رووکردنە بیرکردنەوە لە ڕێبەری ئایندەی شۆڕش، بە واتایەکی دیکە لای نوخبەی دەسەڵاتداری ئەو وڵاتە، ئەوەی پاڵنەرە لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئێران بەرلەوەی بۆ خزمەت و پابەندبوون بە دەنگی خەڵک و گوزەرانیانەوە بێت، بیرکردنەوەیە لەوەی کێ دەبێتە سەرکۆمار، تا ببێتە ئەندامێکی لیژنەی سێکووچکەیی قۆناغی پاش مەرگی ڕێبەری هەنووکەیی.

**"بەگوێرەی ئاماری ناوەندەکانی خودی ڕژێمیش بێت ڕێژەی بەشداری خەڵک ٢٥% دەبێت"**

٢٩ - ٥ - ٢٠٢١

---

## کورد و هەڵبژاردنی سەرکۆماری ئێران

٩

ڕەنگە جۆر و چۆنێتی و کەسێتی سەرۆککۆمار (ئسوڵگەرا، ڕیفۆرمیست، پانئێرانیست، سەربازی و تەکنۆکرات) بۆ ئێرانێکی ئیسلامی و ناوەندی کاریگەر بێت، بەڵام بۆ دۆسێی کورد و پێکهاتەکانی دیکەی وەک بەلووچ (کە هەم سونین و هەم ئێرانیی ڕەچەڵەک و فارس نیین) وەک شوناس و ماف و دانپێدانان، پرسەکە لە گۆڕینی روخسارێک لە مەدەنییەکەوە بۆ

توندئاژۆیەک یان سەربازییەک، لە ئسوڵگەرایەکەوە بۆ ڕیفۆرمیستێک، لە نەتەوەییەکەوە بۆ ئیسلامگەرایەک و بەپێچەوانەوەشەوە، گۆڕانێکی ڕیشەیی بەسەردا نایەت. چونکە لە هەردوو بارەکەدا هەم بەپێی دەستوور و هەم بەپێی سیاسەتە گشتییەکانی ئەو وڵاتە کە لە دەوڵەتی قوڵی شیعەمەزهەبی دوانزەئیمامییەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەم پێکهاتانە لە هەردوو ڕووی مەزهەبی و نەتەوەییەوە، هەر پەراوێزن و پلە دوون.

لە سیاسەتی گشتی ئێراندا پرسی کورد لەسەر چەند ئاستێک پۆلێنکراوە، لانیکەم سێ ئاستی هەرە دیارییان: کوردی ئۆپۆزسیۆنی دەرەوە، کوردی نێو ئێران و هەرێمی کوردستان.

## هێزە کوردستانییە ئۆپۆزسیۆنەکان

هەرچی ئاستی یەکەمیانە، ئەوا لە دیدی ئێرانەوە، بە دژەڕژێم و جیاخواز و یاخی و تیرۆریست پۆلێن کراون. بێئەوەی سەرچاوەی خۆبێبەرییکردن یان بێبەریکردنی ئەوان لە پرۆسەی سیاسیی و بەشدارییاندا لە نێو ئێراندا لێکبدرێتەوە و بۆ سەرانی نوخبەی دەسەڵات بایەخدار بێت. ئەم هێز و لایەنانە لە حزبی دیموکرات و کۆمەڵە و خەبات و لقەکانیاندا خۆیان دەبیننەوە. ئەم هێزانە بەتایبەت حزبی دیموکرات بەشدارییەکی کارای هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی سەرەتای کۆماری ئیسلامی ئێران بوو، نوێنەرەکانیشی زۆرینەی ڕەهای دەنگی ناوچەکوردییەکانی بەدەستهێنا. (وردەکاری پرۆسەی کشانەوەی حزبی دیموکرات و حیلە و دەستیدەستییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران باس ناکەین کە دواجار بوونە هۆی پەنابردن بۆ چەک لەلایەن ئەم هێزانەوە و کشانەوەیان لە پرۆسەی سیاسی).

بەڵام "بە گشتی" وەک پرەنسیپ باوەڕی زۆرینەی هێزەکوردستانییەکانی دەرەوەی پرۆسەی سیاسیی هەنووکەیی ئێران وایە کە نە لەڕووی دەستووریی و سیاسییەوە نە لەڕووی داموودەزگا و ڕەوایەتییەوە و نە وەک پێکهاتە و نە وەک هاوڵاتییەکی کورد و بگرە ئێرانییەکیش بەم دەستوور و پرۆسەی سیاسییەی ئێستاوە نە مافیان دابین دەکرێت و نە مانایەکیش هەیە بۆ بەشداریی سیاسیی لە پرۆسەی هەڵبژاردن و بگرەدانوستاندنیشدا. بۆیە لەزۆربەی هەڵبژاردنەکاندا بایکۆت و بەشدارییەنەکردن ئەگەری جێبەجێکراوی بەردەمییان بووە و هەڵبژاردن تا هەڵبژاردنیش ئەم ئەگەرە ڕێژەیی بووە و کاریگەریی لەسەر پرسی ڕەوایەتی پرۆسەی هەڵبژاردن کەم تا زۆر جێهێشتووە، لانیکەم بۆ ناوچەکوردستانیەکان و بەتایبەت لەڕوانگەی بابەتگەلی وەک مافە مەدەنی و سیاسییەکانی کورد لە ئاستی نێودەوڵەتییدا.

لەهەڵبژاردنی ئێستای سەرۆکایەتی (١٨ی حوزەیران ٢٠٢١)یشدا، دیسانەوە بایکۆتییان هەڵبژاردووە و بەگوێرەی شرۆڤە و

ئامارەکانی ڕاپرسی، هاوتا لەگەڵ هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی دیکەی نێوئێراندا، پرسی بایکۆت کاریگەری جێهێشتووە و بەجۆرێک چاوەڕوان دەکرێت زۆرترین ڕێژەی بایکۆت دیسانەوە لە ناوچە کوردنشینەکاندا بێت و لە ئاستی ئێرانیشدا بەشدارییەکردنی خەڵک لە هەڵبژاردندا ژمارەی پێوانەیی لەچاو ٤٣ ساڵی رابردوودا تۆمار بکات.

"دۆخەکە چاوەڕوانی هیچ کراوەیەکی لێناکرێت و فشاری سەر هێزە کوردییەکانی ئێران لەڕووی سەربازییەوە زیاتر دەبێت"

## کوردانی نێو ئێران و هێزە بەشدارەکانی هەڵبژاردن

هەرچی پرسی کوردانی نێو ئێران، کە زیاتر وەک پرسێکی ئاسایشیی(ئەمنی) بە درێژایی ١٠٠ ساڵ مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و بەتایبەت لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا، هەر جۆرە مافێکی کولتووری وەک ڕێگەدان بە زمانی کوردی لە پەروەردەدا، وەرگرتنی پۆستی باڵا (لە پارێزگارێکی کوردی سوننەوە تا سەرکۆمارێتی)و...تاد، بە دەستوور بە کورد ڕەوا نەبینراوە، ئەم پرسەش بە هاتنەسەرکاری سەرکۆمارێکی ڕیفۆرمیست، توندئاژۆ یان سەربازیی چارە نابێت چونکە لە دەسەڵاتیدا نییە و زیاتر دەستوورییە و لەدەستی چەند دەزگایەکی بڕیاردایە کە سەرووترن لە سەرۆککۆماریی.

لە ساڵی ١٩٧٩ەوە، سیاسییەکانی نێوخۆی ئێران بە شێوازی جیاواز و بەناوی جیاوازیشەوە، خوازیاری دروستکردنی حزب و فراکسیۆنی پەرلەمانین، بەڵام سەرجەم هەوڵەکان ڕەتکراوونەتەوە و بە نایاسایی و جیاخوازی و نادەستووری لەقەڵەمدراوون. بۆیە دیسانەوە بەشێکی زۆری کوردەکان چ وەک ڕێکخستنەکانی شاری هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان و چ وەک ئەوانەی لە دروستکردنی حزبێکی سیاسیی نێو ئێران نائومێد کراوون، ناچار بێت یان وەک پرەنسیپ بایکۆتی پرۆسەی هەڵبژاردن و سیاسەتیش دەکەن. بەشێکی دیکەی کەسایەتییە سیاسییەکانی کوردیش بە پاساوی جۆراوجۆر و بەهۆی نەبووی هێزێکی مۆڵەتپێدراوی یاساییەوە! ناچار ڕوودەکەنە نێو ڕێکخستن و ئاراستە سیاسییەکانی وەک ڕیفۆرمیست و بناژۆخوازەکان و لە پەنای ئەواندا خۆیان حەشاردەدەن، ئەڵبەت ئەم واقیعە بۆ بەلوچ و عەرەب و بگرە ئازەرییەکانیش (بەهەندێ جیاوازی کەمەوە ڕاستە). بەشیکی دیکەی کوردەکانیش هیزە ئیسلامییە وەک پێڕەوانی شورای شەمس، مەکتەب قورئان و جولانەوەی ئیسلاح و ..تاد دەگرێتەوە، کە بەپێی هەڵبژاردنەکان هەڵوێستییان گۆڕاوە و ئەمانەش وەک هێزی سیاسیی ڕێگە پێدراو نین و هەر کۆتایی ساڵانی هەشتاکانەوە سەرکردەکانیان (موفتی زادە و سوبحانی و ...ڕەبیعی) بەجۆرێک لە جۆرێکەکان لەنێوبراون، تەنها لەچوارچێوەی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی و ئاینی و خزمەتگوزاریی بچووکدا چالاکیی سنووورداری

کولتووری خۆیان ڕێکدەخەن. لایەنگرانی ئەمانیش هەم بەپاساوی مەزهەبی و هەم بەپاساوی کوردبوون هەڵوێستیان بەرامبەر دەوڵەتی ئێرانە و لەسەر ئاستی کەسایەتی سیاسیی و جۆری کاندیدەکان، لەهەڵبژاردنەکاندا بەشداری یان بایکۆت دەکەن.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ئێراندا چ ریفۆرمخواز و چ بناژۆخواز و چ سەربازییەکان، نیگایەکی جیاکارانەیان بۆ ماف و شوناسی نەتەوەی کورد هەیە. بە هاتنەسەرکاری ریفۆرمیستان (وەک ساڵانی کۆتایی نەوەدەکان بینرا)، پان ئێرانییەکان بەهێزبوون و یەکپارچەیی ئێران بیانوویان بووە بۆ نەدانی مافەکانی کورد. بە هاتنەوەسەرکاری توندئاژۆکانیش دیسانەوە بۆ کورد شوناسی مەزهەبی سوونەی کورد، زەقکراوەتەوە. لە هەردوو حاڵەتەکەدا، مافی کورد بە دژە دەستووری و جیاخوازیی هەژمار کراوە، تەنانەت نەک پۆست بەڵکو ڕێگەش نەدراوە فراکسیۆنێک و حزبێکی کوردیش دابمەزرێت. ئەمە جیا لەوەی چەندین سەرکردەی دیکەی جەماوەریی کوردیشی وەک قاسملۆ و شەرەفکەندی لە دەرەوەی ئێران تیرۆر کراون. بۆیە دۆخەکە چاوەڕوانی هیچ کراوەنەوەیەکی لێناکرێت و فشاری سەر هێزە کوردییەکانی ئێران لەڕووی سەربازییەوە زیاتر دەبێت و مەودای دووڕوویی سیاسیی سیاسەتی تیۆریی و عەمەلی دەوڵەت روونتر دەبێت.

"ئامانجی هاتنەسەرکاری سەرۆککۆمارێکی بناژۆخواز بۆ بەهێزکردنەوەی هەژموونی ناوچەیی ئێرانە بە تایبەت لە عێراق و کوردستان"

## هەرێمی کوردستان و هەڵبژاردنی سەرکۆمار

سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش، بەهۆی جۆری پەیوەندی هەرێمی کوردستان(لە شۆڕشەوە تا کیان) و ئێران، بەر لە سیاسیی، سەربازی بووە و پەیوەندییەکی دێرینەی بڕیاردەرانی سوپای ئێران و سەرکردەکانی هەرێم بوونی هەیە، هاوپەیمانێتی دژە بەعس و پێکهێنانەوەی عێراق و پەراوێزخستنی سوونە و کوردی عێراق وەک واقیع و وەک بەشێکی ستراتیژی ئێران لە عێراقدا لەقەڵەم دراوە.

بەڵام پێناچێت ئیتر ئەو یادگارییە دێرینانە بەکەڵکی هەرێم بێن، چونکە ئامانجی هاتنەسەرکاری سەرۆککۆمارێکی بناژۆخواز، بۆ بەهێزکردنەوەی هەژموونی ناوچەیی ئێرانە بەتایبەت لە عێراق و کوردستان. بۆیە لە گۆڕانێکی وەهادا بۆ هەرێمی کوردستان جوڵە سەربازییەکان مەترسیدارە و دوور نییە لە دوو ئاستدا لەسەر هەرێم فشار درووست بکرێت: تا

پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکادا سنووردار بکات، هەروەها چالاکی کوردانی ئێران کەمتر بکاتەوە. هێندە بەسە بۆ وەبیرهێنانەوە کە بڕیاری جوڵەی لایەنگرانەی ئێران لە ١٦ی ئۆکتۆبەری٢٠١٧دا زۆرێک لەو توندئاژۆ و سوپاییانە بەشداربوون و بەشێکیشیان لە بڕیاردەرانی بوون و هەر فشاری ئەوانیش بوو کە هەڵوێستی رەسمی ئێرانی بەرامبەر ریفراندۆم توندتر کرد. وا ئێستا بە ئەگەری زۆر لە پشتی بناژۆخوازەکانەوە وەستاوون و دەیانەوێت بچنەوە نێو کۆشکی کۆماری پاستۆری ئێرانەوە.

رایەک لە نێو بناژۆخوازان و سوپاییەکاندا هەیە کە هەرێمی کوردستان، بووەتە جێ هەژموونی ئیسرائیل و ئەمریکا و پێگەی دژەپێکردنی سەرمایەی ئێرانی بۆ کەنداو. ئەمەشیان نەشاردووەتەوە و لە چەندین بۆنەدا داوای هەڵوێستییان لە حکومەتی رۆحانی کردووە، تا سنوورێک بۆ ئەو کارە دابنێت. بۆیە دواجار ئەو پرسە زەقدەبێتەوە کە ئەگەر سەرۆککۆمارێک بە پشتیوانی بناژۆخواز و سوپاییەکان بێتەسەرکار، ئەم فشارانە زیاتر نابن؟

**"لەئێراندا چ ریفۆرمخواز و چ بناژۆخواز و چ سەربازییەکان نیگایەکی جیاکارانەیان بۆ ماف و شوناسی نەتەوەی کورد هەیە"**

٦ - ٦ - ٢٠٢١

---

## سەرکۆماری نوێ و یەخانگیرییەکانی سیستەمی سیاسیی ئێران

٩

کۆماری ئیسلامی ئێران، لە ٤٣یەمین ساڵی تەمەنییدایە، هەنووکە پاش تێپەڕاندنی چوار دەیە، یەخانگیری چەندین گرفتی ریشەیی بووەتەوە، پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە: یەخانگیرییەکانی (ئاڵنگارییەکانی) بەردەم سیستەمی سیاسیی ئێران چین و سەرکۆماری نوێ لەکوێی پرۆسەی چارەسەردایە؟

بۆ تێگەیشتن لە قەیرانەکانی نێو شیرازەی سیاسیی ئەو وڵاتە، دەکرێت لە سێ بازنەدا بابەتەکە لێکبدرێتەوە و دابەش

بکرێن:

١- بازنەی نێوخۆیی شۆڕش و دیدگای بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە.
٢- بازنەی کۆمەڵگەی ئێرانی و دابڕانی دەسەڵات و کۆمەڵگە و مەسەلەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی دەرەوەی پرۆسەی سیاسی.
٣- بازنەی نێودەوڵەتی، کە دابڕانی ئێرانە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و جۆری سیاسەتەکانی لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا. کە ئەمەش ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی لەخۆدەگرێت.

بەشێک لە تەگەرەکان، لەلایەکەوە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە ڕەوایەتیی دەستور و شۆڕش و سیستەمی سیاسیی و بەشداری هاووڵاتییەکانییەوە هەیە، بەشێکیشیان دەرهاویشتەی نێو ململانێکانی سفرەی شۆڕشن، لەلایەکی دیکەوە لەبەردەم پرسێکی چارەسەرنەکراوی مافی سیاسی و مەدەنی پێکهاتە مەزهەبی و نەتەوەییەکاندا، کە هێز و لایەنی سەرەکیی نێو ئێرانی ناچارکردووە ئێران جێبهێڵن و خەباتی سیاسی - چەکداریی بگرنەبەر بۆ یەکلاکردنەوەی مافەکان.

"سەرکۆماری ئایندە ڕەنگە بەشداربێت لەو سێکوچکەیەی کە پاش نەمانی ڕێبەر بەپێی دەستوور جێگەی ڕیبەر دەگرنەوە، تا ئەو کاتەی ڕێبەری نوێ دیاری دەکرێت"

بەڵام ئەم پۆلێنبەندییە بەواتای ئەوە نایەت کێشە و قەیرانەکان کاریگەرییان بەسەریەکەوە نییە، بە پێچەوانەوە ئەم پرسانە کاریگەر بەیەک و کارتێکراوی یەکن و یەکتر بەرهەمدەهێننەوە و بازنەکانیان پێکداچوون.

بۆ ڕاڤەی ئەو پۆلێنبەندیەی یەخانگیرییەکان و تێگەیشتن لە تەرجەمەی ئەو چوارچێوە تیۆرییەی قەیرانەکان، دەکرێت بەرجەستەتر، کێشەکان بەم شێوەیە ڕیزبکرێن:

١- پرسی دەستوور: ئێران لە مێژووی سیاسییدا، بەدەستوورێک ئاراستە دەکرێت، جیا لەوەی سەرچاوەی ڕەوایەتەتی کە ڕووبەڕووی بەشداریی خەڵک و بایکۆتی پێکهاتەکان بوویەوە لە ئانی پەسەندکردنیدا و هەروەها جۆری سیستەمەکەی (مەزهەبی - ناوەندگەرا)، کە پرسیاری لەسەر ڕەوایەتی دروستکردووە، تەنها جارێک هەموار کراوەتەوە، کە دیسانەوە خۆی نەدا لە کێشەی جیاکارییە نەتەوەیی(کورد،بەلوچ و عەرەب..تاد) و مەزهەبی(سوننە، مەسیحی، زەردەشتی و ...تاد) و ڕەگەزییەکان(مافی ژن و بەشداریی سیاسی لە مەسەلەی پۆشاکەوە بیگرە تا بەشداریی سیاسی). ئەم دەستوورە لەبنچینەدا

بۆ چارەسەر و دەرچەسازیی کێشە قوڵەکانی ئێران نووسراوە، بەڵام لە ئێستادا خۆی بووەتە کێشە و بەربەستی چاکسازیی سیاسیی و مەدەنی و کۆمەڵایەتی لە ئێراندا، نەک هەر ئەوەش بەڵکو لەسەر چەندین ئاست مەترسی ئاسایشیی، سیاسیی و سەرەوەریی بۆ وڵاتەکە دروستکردووە. زەقترین کێشەی دەستووریش خۆی لە مەسەلەی شیعەتەوەری و دوانزەئیمامێتی مەزهەبەکەیدا خۆی دەبینێتەوە، بۆیە هەر بیرکردنەوەیەک لە چارەسەر پێویستی بەوەیە، بەر لەگەڕانەوە بۆ خەڵک دەبێت بۆ سنوورەکانی فیقهی سیاسیی شیعەی دوانزەیی بگەڕێنەوە. ئەمەش لەهەندێ پرسدا گۆڕانکاریی ئەستەم کردووە، بەتایبەت لە مەسەلەی مافی مەدەنی و سیاسیی هاوچەرخ و پرسی ڕەگەزییدا(مافی ژن).

٢- ڕەوایەتیی سیستەم: لە سەدساڵی ڕابردوودا لە ئێراندا دوو بیدعەی سیاسیی بێڕیشە داهێنران، یەکەم: نەتەوەسازیی و ئێرانچێتی، دووەم: ویلایەتی فەقیە.

یەکەمیان دەگەڕێتەوە بۆ ڕەزاشای پەهلەوی و نوخبەی ڕۆشنبیری دەسەڵاتگەرا، کە ئێرانچێتیان لەڕێی سیاسەتی کولتووری و فشاری سیاسیی و سەربازییەوە بەسەر نەتەوە نافەرسەکاندا سەپاند. ئەمەیان هەر لە زووەوە تا ئێستا لەلایەن کورد و بەلوچ و عەرەبەکانەوە ڕەتکرایەوە و تورکە ئازەرییەکانیش کەمتازۆر ئەوەیان ڕەتکردووەتەوە. لەئێستا لەهەرکات زیاتر پایەکانی بیدعەی نەتەوەسازیی ئێرانی دەلەرزن. لەلایەک بەهۆی ستەمی درێژخایەن و بێبەشی مافە کولتووری و سیاسییەکانەوە، لەلایەکی ترەوە بەهۆی جۆری مۆدێلی حوکمڕانی شیعەتەوەر کە مەزهەب چەقە، پرسی مافی نەتەکانی دیکە لە ئێراندا زیندووتر بوویەوە.

**"ئەم سیاسەتەی کە جۆرێک هەژمونی سەربازیی داوەتە ئێران پەراوێزیی و دابڕان و ئابوورییەکی بەرەو هەرەسی بە نسبیی ئێران کردووە"**

دووەمیش مەسەلەی ویلایەتی فەقیهە کە لەڕووی سیاسییەوە بە وەک "ویلایەتی عامە" داهێنراوی خومەینیی و هاوڕێکانیەتی، کە تێیدا نەک مەرجەع بەشداری پرسی سیاسیی دەکات، بەڵکو لە لوتکەی ئەو سیستەمە سیاسییەدا جێگەی خۆی دەگرێت و بەشداری ورد و درشتی مەسەلەکان دەکات. ویلایەتی فەقیە ڕاستە کۆمەڵگەی شیعەی ئێرانی یەکدەخات و دەسەڵاتبەخشە بە نوخبەی مەزهەبی و شۆڕشیی نێو کۆمەڵگەی ئێران، بەڵام هاوکات، جیاکاری و ململانێ لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا دەسازێنێت، لەنێوخۆشیدا دەسەڵاتخوازیی و سەرکوتکاری بەرهەمدێنێت و لەم پێناوەشدا ڕاجیاوازی لەسەر جۆر و سنوور و شێوەی پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی وەلی فەقیە دروست بووە. بۆ ئێران لەسەدەی نوێدا و بە پاشخانێکی ڕۆشنبیریی

فراوان و ئامانجدار و خاوەن خەونی هاوچەرخێتی و دنیاگەرا، ئەمە گەورەترین کۆسپ و لەمپەر دەبێت و بەجۆرێک پرسی لەسەر ڕەوایەتی پۆستەکە دروستکردووە و ترازانی نێوکۆمەڵگەی فراوانتر کردووە.

لەسەردەمی ڕێبەری یەکەمدا (خومەینی) توانرا ویلایەتی فەقی لە دەستوور و کۆمەڵگەدا بچەقێنرێت، بەڵام لەسەردەمی خامینەییدا لەبەر جۆری بەکارهێنانی دەسەڵات و لاگیرییە باڵباڵێنییەکان، پرس لەسەر ڕەوایەتی درووست بوو، ڕاستە خامینەیی توانیی ویلایەتی فەقیە و فیقهی شیعە لە ئێراندا دەزگایی بکات و بیخاتە سەرسکە، بەڵام لەڕووی ڕەوایەتییەوە لەرزۆکی کرد و هەر لە دوو دەیەی ڕابردوودا پێشنیارگەلێک لەنێوخۆی سەرانی نوخبەی دەسەڵاتدا خراوەتەڕوو کە سنووری دەسەڵاتەکەی کەمدەکەنەوە یان دابەشی دەکەن یان داوای شوراییکردنی ماڵ و دەسەڵاتی ڕێبەری دەکەن.

٣- درزی ئەمنی و سەروەریی وڵات، گەر بە دیققەتەوە سەیری شارە سنوورییەکانی ئێران بکرێت، دەزانرێت، بە پێچەوانەی فارس-شیعە تەوەریی دەستوورەکەوە، شارە سنوورییەکانی ئێران بە گەلانی ناشیعەی نافارس تەنراوە(کورد، عەرەب، بەلوچ و تورکمان و تالش ...تاد) و لەدەرەوەی سنوورەکانیشی هەمان شت. گەر دەستوور شیعە و نوخبەی دەسەڵاتی یەکدەست کردبێت، ئەوا جیۆپۆلەتیکی وڵات پێچەوانەی ئەو گوتارە سەپێنراوەی نێو دەستوور، واقیعێکی دیکە هەیە، کە ئەو سنوورە سیاسی - جوگرافییەی ئێران، بووەتە هەڕەشەی سەر سەروەریی وڵاتەکە و هەردوو بیدعە سیاسییەکە باسکران (نەتەوەسازیی زۆرەکی و ویلایەتی فەقیهی سەپێنراو). ئەمەش هەنووکە هەڕەشەی ڕاستەقینەیە بۆسەر سەروەریی و دەسەڵات، گەلانی نافارس و ناشیعەی پەراوێزخراوی نێو ئێران وەک دەبینرێت هەردەم لە هەلێک دەگەڕێن هەڕەشە دەستووریی و سیاسییەکانی سەریان بکەنە هەلێک و جیابوونەوە یان فیدراڵیزم وەک گوتارێک بچەسپێنن و تا لە ڕۆژگارێکی نزیکدا کۆتایی بەو جیاکارییە بهێنن.

٤- هەناردەکردنی شۆڕش: ڕاستە لەهەندێ حاڵەت و ماوەدا هەناردەکردنی شۆڕش کە بنەمایەکی دەستووریی و سیاسیی هەیە و ئێرانی ئێستا باوەڕیی پێیەتی ئەویش لایەنگرییکردن و ناردنەدەرەوەی شۆڕشە بۆ دەرەوەی سنوور و کاریشیان لەسەرکردووە، لەساڵانی ڕابردوودا لە لوبنان، عێراق، یەمەن، سوریا و بەجۆری دیکەش لە ئەورووپا و ئەمریکای لاتین و ئەفریقاش وێنەدانەوەی ئەم بنەمایە بینراوە.

بەڵام هەر ئەم سیاسەتەی کە جۆرێک هەژموونی سەربازیی داوەتە ئێران، هاوکات پەراوێزیی و دابڕان و ئابوورییەکی بەرەوهەرەسیشی بە نسیبی ئێران کردووە. بەڕێوەبردنی میلیشیاکانی قودس و ئەوانی دیکە هەم تێچوونی سیاسیی و هەم

ئابووریيشيان بۆسەر ئێران هەیە، هاوکات لە ئاستی نێودەوڵەتيشدا بە هێزێکی دەرەوەی سیستمی نێودەوڵەتی و واقیعگەرا لەقەڵەم دەدرێت، هەرئەمەش وای کردووە جەمسەربەندی و سەنگەربەندیی هەرێمی و نێودەوڵەتی بەرامبەری دروست ببێت.

٥- توێژاڵهەڵدانی شۆڕش و پاکسازی: یەکێکی دیکە لە قەیرانە کەڵەکەبووە سیاسییەکانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران، بەتێکڕایی و بەنزیکەیی هەر دەساڵ جارێک، سفرەی تەنگی شۆڕش بەشێک لە کوڕەکانی دەردەکات. ئەو بێبەریکردنە هەر لە ساڵانی ١٩٧٩ەوە دەستی پێکرد، بە هەڵگیرسانی جەنگی هەشتساڵە هەل هاتە پێشەوە یەکەم توێژاڵی شۆڕش هێزە نەتەوەیی و چەپەکانی نێو ئێرانی دوورخستەوە و ناچاری کردن بەکشانەوە لەپرۆسەی سیاسیی و دواجار لە ئێرانیش ڕۆشتنەدەرەوە، وەک هێزە کوردستانییەکان، موجاهدین، چەپەکان...تاد.

**قۆناغی دووەم:** پەراوێزخستنی ئیسلامییە دیموکراتەکان و ڕۆشنگەرە دینییە هاوچەرخەکان، وەک پەراوێزخستنی میراتگرانی بزوتنەوەی نیهزەتی ئازادی و یارانی کەسانی وەک تاڵەقانی و شەریعەتی و ...تاد.

**"ویلایەتی فەقیە ڕاستە کۆمەڵگەی شیعەی ئێرانی یەکدەخات هاوکات جیاکاری و ململانی لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا دەسازێنێت"**

**قۆناغی سێیەم:** پەراوێزخستن و دوورخستنەوەی دەستی یەکەمی ڕیفۆرمیستان و دەستبەسەرکردنی سەرکردەکانیان و هێنانە پێشەوەی نوێنەرانی دەستەدووی ئەوان و بەنوێنەرناساندنی کەسانی وەک ڕەفسەنجانی و ڕوحانی بە ڕیفۆرمیست! کە ئەمە هیچ نەبوو ئەوە نەبێت کە بەشێک بوو لە پاکسازیی ڕیفۆرمیستەکان لە هەرەمی سیاسییدا.
**قۆناغی چوارەم:** کە پێدەچێت، لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی دوو ساڵی پەرلەمانی ڕابردووەوە دەستی پێکردبێت، کە شورای پاسەوان پیادەکاری ئەم پرۆسەیە بووە و دەبێت و لەڕێگەی ڕەتکردنەوەی کاندیدانەوە بۆ هەڵبژاردنەکان، جار دوای جار پاکسازیی نێو کوڕانی شۆڕش پەرەدەسەنێت.

کەواتە قەیرانەکانی ئێران بەرلەوەی حکومەت و خزمەتگوزاری بن، قەیرانی سیستەمیین و بە سەرۆک کۆمار و کابینەی حکومەتی چارەسەر نابن، بەڵام سەرۆک کۆمار بۆ قۆناغی پاش خامینەیی گرنگە هاودید و تەبابێت لەگەڵ دەسەڵاتی سەرۆکی پەرلەمان و نوخبەی نێو شورای نیگەهبان (کە ڕێبەری ئایندە دیاریدەکەن). هەروەها سەرکۆماری ئایندە ڕەنگە بەشداربێت لەو سێکوچکەیەی کە پاش نەمانی ڕێبەر، بەپێی دەستوور جێگەی ڕێبەر دەگرنەوە، تا ئەوکاتەی ڕێبەری نوێ دیاری دەکرێت. بۆیە گرنگە نوخبەی دەسەڵات بە یەکلاکردنەوەی سەرۆککۆمار لەخزمەتی ئامانجی شۆڕشدا یەکلایی بکەنەوە

نەک لەخزمەتی خەڵک و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییدا، چونکە هیچ یەک لە دۆسێکانی وەزارەتی دەرەوە، دەستوور، ناردنەدەرەوەی شۆڕش و مافی نەتەوەکانی دیکە لەدەسەڵاتی سەرکۆماردا نییە و تەنانەت گەر ڕادیکاڵێکی دژ بە کۆماری ئیسلامیش دەربچێت، بەو چارەسەر نابن.

"گەلانی نافارس و ناشیعەی پەراوێزخراوی نێو ئێران لە هەلێک دەگەڕێن هەڕەشە دەستووریی و سیاسییەکانی سەریان بۆ جیابوونەوە وەک گوتارێک بچەسپێنن"

۱۳ - ٦ - ۲۰۲۱

## هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری ئێران؛ براوە و دۆڕاوە ڕاستینەکان لەئەنجامەکانەوە

۱۰

بەگوێرەی ئامارە سەرەتاییەکان، هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئێران بەسەرکەوتنی ئیبراهیم ڕەئیسی، سەربە باڵی توندئاژۆکان و کەسایەتییەکی نزیک لە ڕێبەری ئێران، کۆتایی هات. ئەو لە کۆی ۲۸ ملیۆن و ۹۳۳ هەزار و ٤ کەس، ۱۷ ملیۆن و ۹۲٦هەزار و ۳٤٥ دەنگی بۆ تۆمارکراوە. پاش ڕەئیسی، دەنگی پووچ پلەی دووەم و موحسین ڕەزایی بە پلەی سێیەم و هیممەتی لە باڵی ڕیفۆرمیستان بە پلەی چوارەم و قازی زادە هاشمی-یش بە پلەی پێنجەم دێت.(ئەڵبەت بە حسێبکردنی دەنگی پووچەوە). جیالەوەش نیوە زیاتری وەلاتیانی ئەو وڵاتە بایکۆتی دەنگدانیان کرد.

لەڕوانگەی گوتاری هێزە کوردییە ئۆپۆزسیۆنەکان و بارگۆڕانی خواستی شەقامی ئێرانییەوە، یەکەمجارە خواستێکی کوردستانی شەقام و هێزە کوردییەکان، ببێتە خواستێکی سەرانسەریی نیوەی زیاتری سەرجەم ئێرانییەکان، چونکە ئەوە کوردەکان بوون لە ساڵی ۱۹۷۹ەوە و لە پرسی پەسەندکردنی دەستووری ئێراندا باوەڕییان وابوو چەکی مەدەنیی بایکۆتی هەڵبژاردنەکان هیچی کەمتر نییە لە شێوازەکانی دیکەی نارەزایی. گەرنا زۆرێک لەئێرانییەکان ئەمجارەی لێدەربچێت بە چەپ و ڕاست و ئیسلامی و پان ئێرانیستەوە لەسەر سندووقەکان دەمانەوە.

## لەئەنجامەکانەوە، سێ تێبینی:

**یەکەم**: دەنگی پووچ (سپی) پلەی دووەمی بەدەست هێناوە و نزیکەی ١٥٪ی دەنگدەران دەکات. لەکاتێکدا هیچ هێزێک نە ئۆپۆزسیۆن و نە دەسەڵات خواست و پێشنیارێکی سیاسیی وایان نەخستەڕوو. بەڵام بەشێکی خەڵک خۆی لەنێوان بایکۆت و دەنگداندا ڕێگای سێیەمی دۆزییەوە و کاریگەری و پرسی گەورەشی هەم لەسەر ڕەوایەتی کۆی پرۆسەکە و هەم لەسەر تێنەگەیشتنی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی لەشەقامەکەی جێهێشت.

"پشکی شێری بەر ڕیفۆرمیستەکان دەکەوێت کە هەر لەسەرەتای پرۆسەکەوە کە کاندیدە ڕاستینەکانیان ڕەتکرانەوە"

**دووەم**: لەم هەڵبژاردنەدا و بە هەڵبژاردنی ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرجەم دەسەڵاتە کاریگەرەکان لەئێراندا یەکدەست دەبن و بواری ڕۆڵگۆڕین و ڕۆڵ دابەشکردن لەسیاسەتی نێوخۆ و دەرەوەی ئێراندا نامێنێت، چونکە هەرسێ دەسەڵاتەکە (داد و پەرلەمان و حکومەت) و ڕێبەر و دەزگاکانی دیکەی وەک ئەنجومەنی شارەزایان و شورای پاسەوان و میدیای دەوڵەتی و...تاد، سەرلەبەر یەک تەوژمی سیاسیی بەڕێوەیان دەبات و بەمەش درزی نێوان دەوڵەت و حکومەت و پەرلەمان نامێنێت و بیانوو یان خۆدزینەوە لە بەجێگەیاندنی خواستی خەڵک یان هەر پرسێکی دیکە (وەک ڕێککەوتن لەگەڵ دەرەوەدا) بواری بۆ نامێنێت و چیتر هیچ دەزگایەک ناتوانێت ئەوی دی بە کەمتەرخەم لەقەڵەم بدات و خۆی بدزێتەوە، چونکە لەهەر بارێکی ئەرێنی و نەرێنیدا هەر تەوژمی توندئاژۆکانن لێی بەرپرسن.

**سێیەم**: هەڵبژاردنی ٢٠٢١ی سەرکۆماریی، بە یەکێک لەو هەڵبژاردنانە دادەنرێت کە لەمێژووی شۆڕشی ئیسلامیی ئێراندا کەمترین پێشوازی لێکرا بێت. بەسروشت لەم جۆرە هەڵبژاردنانەدا کە ئێران لە قوڵەی گۆڕانکاریی و ئەگەری گۆڕینی ڕێبەرەکەیدایە، وا چاوەڕوان دەکرا زیاتر بەشداری پرسەکەیان بکردایە(وەک هەڵبژاردنی ١٩٨١ کە تێیدا عەلی خامینەیی بەبەشدارییەکی بەرچاوی خەڵک وەک سەرۆک هەڵبژێردراو و هەر ئەو دەنگ و پێشوازییە وایکرد ببێتە بەردەبازێک تا بگاتە پۆستی ڕێبەریش). لەم هەڵبژاردنەدا لە کۆی ٥٩ملیۆن کەس کە مافی بەشدارییان لەدەنگداندا هەبوو، نیوە کەمتر واتە (٢٨ملیۆن و ٩٣٣هەزار و ٤ کەس دەنگی تۆمارکراوە)، واتە نیوە کەمتری دەنگدەر ئەو مافەی خۆی بەکارهێنا (ئەڵبەت جیا لە گومانەکان لەسەر ساغڵەمی و ناستانداردی هەڵبژاردنەکان و شێوازی پەسەندکردنی کاندیدەکان). ئەمەش چەند فاکتەرێک دەکرێت دیاری بکرێن بۆ کەمی دەنگدەران:

١- هەڵمەتی بایکۆت: زیاتر لە شەش مانگە، کەمپەینی بایکۆت و هاندانی خەڵک بۆ بەشدارینەکردن لە هەڵبژاردنەکاندا دەستی پێکردووە کە زۆرێک لە لایەنە ناکۆکەکانی دەرەوەی دەسەڵات (کورد، بەلوچ، موجاهیدین، پاشاییخوازەکان و ...تاد) و هەندێ ئاراستەی نێو دەسەڵاتیش وەک (باڵی ئەحمەدی نەژاد لە توندئاژۆکان، حسێن موسەوی و تاجزادە لە ڕیفۆرمیستەکان و زۆرێک لە نوخبە و گرووپ و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی نێو کۆمەڵگە)ی لە خۆدەگرت.

٢- هەریەک لە پرسە گەرمەکانی خۆپیشاندانەکانی ٢٠١٧ و ٢٠١٩ و خستنەخوارەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکە کە ١٧٩ کەس تێیدا گیانیان لەدەست دا، دابەزینی بەهای تمەن و بژێوی سەخت و گرانی نرخ کاریگەری لەسەر دڵساردیی ئێرانییەکان جێهێشت بوو، لەبری ئەوەی هەڵبژاردن وەک مەراسیم و فیستیڤاڵێکی نیشتمانی (وەک جاران) لێی بڕوانن، وەک جۆرێک لە ململانێی توند و نابەرابەر و خەمباریی پرۆسەکەیان بەرێکرد، تەنانەت خودی لایەنگرانی دەسەڵاتیش وەک قۆناغێکی سەخت و دژوار لە هەڵبژاردنەکانیان دەڕوانی و وەک پرۆسەیەکی پاکسازیی نەیاری نێوخۆیی لەقەڵەمیان دەدا.

٣. کارنامەی هەشتساڵەی حکومەتی ڕۆحانی، نارەزایەتی بەدووی خۆیدا هێنا، چونکە پڕبوو لە بەجێنەهێنانی بەڵێنی زۆر و زەوەندە بە: خەڵک و بژێوی و گوزەرانیان (هەرزانی و خۆشگوزەرانی و بووژانەوەی بازاڕ) و لایەنەسیاسییەکان (ئازادیی سیاسیی)، پێکهاتەکان (ئازادیی کولتووریی و مەزهەبی و ئازادیی زمانەکان) و کرانەوە لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا بەتایبەت ئەمریکا، بەڵام سەرلەبەر هیچ یان نیوەچڵ دەرچوون و ئەمەش خەڵکی لە حکومەت و سیستەم نیگەرانتر کرد.

> "توندئاژۆکان جارێکی دیکە سەرجەمی دەسەڵاتەکانیان وەدەست گرتەوە و حکومەت و دەوڵەتیان خستەوە مشتی خۆ"

## کێن براوە و دۆڕاوەکان؟

دەرئەنجام پاش کۆتایی پرۆسەکە، دەکرێت دوو لایەن بە براوەی سەرەکی دابنرێن، توندئاژۆکانی نێودەسەڵات، بەرەیەکی فراوانی خەڵک و هێزە ئۆپۆزسیۆنە بایکۆتییەکان:

١- لەڕووی ئەنجامەوە، توندئاژۆکان جارێکی دیکە سەرجەمی دەسەڵاتەکانیان وەدەست گرتەوە و حکومەت و دەوڵەتیان خستەوە مشتی خۆ. بۆیە براوەی نێو تەوژمەکانی نێو پرۆسەی سیاسیی ئێران، ئەوانن.

٢- لایەنی دووەمی براوەکان، هەوادارانی بایکۆتن کە خۆیان لە خەڵکی تورەی شەقام، هێزە سیاسییەکانی وەک کورد، پاشاییەکان، موجاهدین، گروپێکی بچووکی نێو ڕیفۆرمیستان و هەندێکی نێو توندئاژۆکانیش دەبیننەوە. ئەمانە ڕاستە لەسەر سندووق کاندیدیان نەبوو بەڵام لەرێگەی بایکۆتەوە تاڕادەیەک هەژموونی خۆیان بەرامبەر شەقامی ئێرانی و دەسەڵات و وڵاتانی دەرەوە نیشاندا و ڕەنگە سەرەتای هەماهەنگی ئەو هێزانەش بێت بۆ کاری پێکەوەیی لەدوارۆژدا و ئەمە بکەنە سەرەتای ئەزموونێکی هاوبەشی سەرکەوتوو و مۆدێلێک بۆ پیادەکردن، پێچەوانەی ڕابردوو کە پەرتەوازەیی لێدانی کوشندەی بە پەیکەری ئۆپۆزسیۆن گەیاند.

هەرچی لایەنی دۆڕاوی دەنگدانیشە، پشکی شێری بەر ڕیفۆرمیستەکان دەکەوێت، کە هەر لەسەرەتای پرۆسەکەوە کە کاندیدە ڕاستینەکانیان ڕەتکرانەوە، تا ئەنجامدان و دەرئەنجامی پرۆسەکە کە تێیدا کاندیدی دەستەدوویان پلەی چوارەمی بەدەستهێنا، تەنانەت لەدەنگی سپیش کەمتریان لەسەر سندووقەکان مسۆگەر کرد. کێشەی ڕیفۆرمیستان تەنها دۆڕانێکی ئاسایی و لەدەستدانی پۆستێک نییە، بەڵکو گرفتەکە بەجێمانە لەشەقام و تاقیکردنەوەیەکی سەرنەکەوتووی سەرانی ڕێبەرانی وەک خاتەمی و کەڕووبی بوو کە قیبلەی ئەو باڵەن و داوای بەشداری دەنگدان و دەنگدانیان بە هیممەتی کرد، بەڵام ئەوە هیچ کە خەڵک نەچوو بەدەم داواکانیانەوە، بەڵکو تەوژمی سیاسیی ڕیفۆرمیستانیشی بەم هەنگاوە هەڵەیە کردە نەیاری سێ تەوژمی لەخۆی بەهێزتر:

**یەکەم**: جەماوەری بایکۆتچی نێوخۆ(٥٠٪ زیاتری کۆمەڵگە)،

**دووەم**: لایەنە ئۆپۆزسیۆنە دەرەکییەکان، سێیەمیش بەجۆرێک سەنگیان تاقیکرایەوە کە توندئاژۆکانیش منەتیان پێیان نەما و چیتر ناتوانن وەک جاران لەنێو دەسەڵاتدا ئەو ململانێیە بکەن کە هەم تەمەنی سیاسیی خۆیان و هەم تەمەنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیشیان چەندجارێک درێژ کردەوە.

**"سەرجەم دەسەڵاتە کاریگەرەکان لە ئێراندا یەکدەست دەبن و بواری ڕۆڵگۆڕین و ڕۆڵ دابەشکردن لە سیاسەتی نێوخۆ و دەرەوەی ئێراندا نامێنێت"**

١٩ - ٦ - ٢٠٢١

**سەرچاوە: دامەزراوەی میدیایی دروو**